# بەیەکداچوونی ژانری ڕۆمان و حەکایەت لە ڕۆمانی(غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)ی بەختیار عەلی دا

**م. حەیدەر جەوهەر ئەحمەد**
کۆلێژی پەرستاری- زانکۆی هەولێری پزیشکی
هەولێر
haederjauher@yahoo.com

**پ.د. پەخشان سابیر حەمەد**
بەشی زمانی کوردی - زانکۆی سۆران
هەولێر
pakhshan.hamad@soran.edu.iq

**پوختەی توێژینەوە**

ڕۆمان فۆرمێکی کراوەی هەیە و هەر ژانرێکی ئەدەبی دەتوانێ بە ئاسانی لە چوارچێوەی پێکهاتەکەیدا لە ئاستی ئاوێتەبوون یان لە ئاستی کۆکردنەوە دەربکەوێت، بەمەش ژانرە کۆن و نوێیەکان دەتوانن وزەیەکی زیاتر بە ئەزموونی ڕۆماننووس بدەن، لە ئەنجامدا بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان دواجار وەک ئامرازێکی هونەری لە ڕۆمانەکەدا بەرخوردی لەگەڵدا دەکرێت بۆ پێدانی مانا و دەلالەتی نوێ و دەربڕینی تێڕوانینە ئیستاتیکییەکانی ڕۆماننووس.

بەختیار عەلی یەکێکە لەو ڕۆماننووسە هاوچەرخانەی کورد کە لەم ڕۆمانەدا بەسەلیقەیەکی وردەوە ئەفراندنی خۆی خستۆتەڕوو و بایەخی بە بەیەکداچوونی ژانری ئەدەبی داوە. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا کارکراوە بۆ ئەوەی بەیەکداچوونی حەکایەت و ڕۆمان لە تێکستی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ) بخرێتەڕوو.

لە ناواخنی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە ڕوونکردنەوەی بەیەکداچوونی حەکایەت بە ستراکتووری ڕۆمانەکە و مەبەست و مانا و ئاماژەکانی دراوە و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی بەر ڕووناکی دراوە.

**وشە سەرەکییەکان:** بەیەکداچوونی ژانرەکان، پێکهاتەی ڕۆمان، حەکایەت، ژانرە کۆنەکان، ڕۆمانی کوردی.

## پێشەکی

بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە نێو ژانری ڕۆماندا بە بوارێکی تازەی توێژینەوەی ئەدەبی لەقەڵەم دەدرێت، بۆیە ناونیشانی (بەیەکداچوونی ژانری ڕۆمان و حەکایەت لە ڕۆمانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ ی بەختیار عەلی دا)، بۆ توێژینەوەکەمان هەڵبژاردووە، کە تێیدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە: ئایا پێگەی بەیەکداچوون لە ڕووبەری گشتی و کایەی ئەدەبیات چییە؟ پێکهاتەی ژانری ڕۆمان تا چەند لەبارە بۆ لەخۆگرتنی ژانرە ئەدەبییەکان؟ ئایا هێڵە گشتییەکانی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆماندا چین؟ ڕۆماننووس تا چەند توانیویەتی کەڵک لە بەیەکداچوونی ژانری ئەدەبی و بە تایبەت حەکایەت وەربگرێت بۆ هێنانەئارای ڕۆمانێکی ئەفرێنەر؟

بۆ هەنگاوەکانی ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی (وەسفی ــ شیکاریی) پەیڕەو کراوە.

ئەم بابەتە، بابەتێکی گرنگی نێو بواری ڕۆمانی کوردییە و، دەتوانین بڵێین لە ڕۆمانی کوردیدا توێژینەوەی پێویست و ورد سەبارەت بەم بابەتە کەم ئەنجام دراوە. ئەوەی لێرەدا جێگەی ئاماژەیە ئەوەیە سروشتی توێژینەوەکە ئەوەی سەپاندووە، کە دەقی درێژ وەربگیرێت و شیکردنەوەی بۆ ئەنجام بدرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خواستی توێژینەوەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لەم بارەیەوە.

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە بەسەر پێشەکی و دوو بەشدا دابەش کراوە:

لە بەشی یەکەمدا پێگەی چەمک و مانای بەیەکداچوون و زاراوەی بەیەکداچوونی ژانرەکان لە توێژینەوەی ڕۆماندا خراوەتەڕوو، ڕەهەندە هەمەچەشنەکانی ئەم ژانرە بە تێڕوانینی ڕەخنەگر و پسپۆڕان زەنگین کراوە، ئاماژە بە فۆرمی ڕۆمان دراوە، کە چۆنچۆنی لە گۆڕانی بەردەوام دایە و لە توانایدایە هەر ژانرێکی ئەدەبی و نائەدەبی ئاوێتەی قەوارەکەی خۆی بکات.

لە بەشی دووەمدا باس لە بەیەکداچوونی ژانری حەکایەت و ڕۆمان کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش وەکو پراکتیزەکردن ئاماژە بە بەیەکداچوونی چەند

حەکایەتێک بە ڕۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ) دراوە، کە بەختیار عەلی توانیویەتی لە ڕێگای ئەم بەیەکداچوونەوە بەرهەمێکی ئەدەبی ئەفرێنەر دابهێنێت.

دواجار ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامێک کۆتایی هاتووە، پاشان لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی ئاماژەیان پێکراوە.

## بەشی یەکەم

## بەیەکداچوونی ژانری ئەدەبی لە ڕۆمان و هێڵە گشتییەکانی

**ـ بەیەکداچوون (Interference)**

بەیەکداچوون، چەمک و پرسێکی فراوانی گەردونییە و پەیوەستە بە گەردوونی فراوانەوە، ئەگەر لە دیوە جەوهەرییەکەیەوە بە وردی سەرنج لە گەردوون بدەین، ئەوا دەبینین ڕازێکی ئامانج هەڵگری بەخۆوە هەڵگرتووە بەوەی کە هەوا، ڕۆشنایی خۆر، خاک، ئاو، مرۆڤ و زیندەوەران و ئامراز و کایەکانی ژیان بە بەردەوامی بەیەکدادەچن و کارلەیەکتر دەکەن، هەندێکجار دەبنە مایەی دڵخۆشی هەندێکجاریش دڵتەنگی، دواجار ئەم بەیەکداچوونە دەبێتە هۆی ئەفراندن و سوودوەرگرتن و پێشکەوتن، هەموو ئەم بەیەکداچوونانەش دەگەڕێتەوە بۆ بەیەکداچوونی بیرو خەیاڵ و زەینی مرۆڤ، ((تۆ وادەزانیت شتێکی چکۆڵەیت وەک گەردیلەیەک لەنێو ئەم گەردوونەدا خۆت دەبینیت، بەڵام هەموو دنیا وا لەناو تۆشدا ئامادەیە)) (سدیق، ٢٠٢٢، ٣٣ ـ ٣٤) بەمەش مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگای هزر و خەیاڵی جوانی خۆیەوە بە دیوی ئەرێنی و چالاکییەکانی داهێناندا بشکێتەوە و داهێنانی هەمەجۆر بێنێتەکایەوە.

ئەگەر لە ڕووی زمانەوە لە واژەی زمانەوانی (بەیەکداچوون) وەکو چاوگێک لە زمانی کوردی بڕوانین، ئەوا دەبینین چەندان دەرکەوتنی پوخت یان تەواو یاخود کورتکراوەی هەیە هەروەکو: (بەیەکداچوون، بەناویەکداچوون، بەیەکاچوون). لێرەشدا (بەیەکداچوون) دەبێتە لێکسیمێکی سەربەخۆ، کە دەتوانرێت وەکو وشەیەکی فەرهەنگی هەڵسوکەوتی لەگەڵ

بکرێت، بە واتای (چوونەناویەک)دێت یان مانای تێکچرژان، پێکداچوون، پێکەوەنان، خستنەناو، یەکخستن، تێکهەڵکێشکردن، بەیەکبەستن، ئاوێتەبوون، کۆبوونەوە و تێکەڵبوونی شتێک لەناو شتێک یان چەند شتێکی دی دەبەخشێت. لە فەرهەنگی کوردستان بەیەکداچوون بەم شێوەیە روونکراوەتەوە: ((بەیەکاچوون: چوونی چەند چتێک بەناو یەکتریدا.)) (موکریانی،٢٠١٧، ١٥٦)

هەر لە ڕووی ماناوە بەیەکداچوون لە زمانی عەرەبیدا بەم شێوەیە خراوەتەڕوو ((بریتییە لە چوونە ناویەکی شتێک بۆناو شتێکی دی بەبێ زیادە و بە قەبارە و برەکەی.)) (الجرجاني، ٢٠٠٤، ٤٩)

دیارە چەمکی (بەیەکداچوون) چەمکێکی فراوانە و تایبەت بە یەک کایە نییە، بەڵکو لە زۆر بوار و کایەی ژیان لە کۆن و نوێدا بەرچاو دەکەوێ، بەر لەوەی ئاماژە بە چەمکی (بەیەکداچوون) لە بوارێکی تایبەتی وەکو ئەدەب بدەین، بە پێویستی دەزانین بە خێرایی لە هەندێک بواری دیکەی گشتی بایەخداری دونیای ئەمرۆی پێشکەوتووی زانستی هێمای بۆ بکەین، بۆ ئەوەی بایەخی چەمکی بەیەکداچوونمان باشتر بۆ ڕوون بێتەوە، بۆ نموونە دەبینین چەمکی (بەیەکداچوون) بەشێوەیەکی بەرچاو لەناو سروشت و بە تایبەتی لە زانستی فیزیا و بەتایبەتتریش لە کایەی رووناکی بە ڕوونی بەدی دەکرێت کاتێک دوو شەپۆل یان چەندین شەپۆلی ڕووناکی بە ڕێژەی جیاواز بەیەک دەگەن و بەناویەکدا دەچن، ئەوسا شەپۆلە بەهێز و شەپۆلە لاوازەکان ئاوێتەی یەکتر دەبن، ئەوا دواجار پێکڤە یەک گورزە شەپۆلی رووناکی دروست دەکەن، ئەم گورزە شەپۆلەش لە ئاکامی بەیەکداچوونی شەپۆلەکانی ڕووناکییدا بەرجەستە دەبێت، ((بەیەکداچوون لە زانستی ڕووناکیدا، ناوێکە بۆ ئەو دیاردەیەی کە پوخت دەکرێتەوە لەوەی ئەگەر دوو شەپۆل بەیەک گەیشتن و یەک درێژییان هەبێت، ئەوا دوو شەپۆلی یەکسانن، لەنێوانیاندا شوێنێک هەیە کە یەکێک لە شەپۆلەکان دەگاتە لوتکە، ئەمەش بەهۆی مانەوەی شەپۆلەکەی دی کە لە جووڵەدا لاواز دەبێت.)) (مرعشلي، ١٩٧٤، ١٠٣) هاوکات لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بەیەکداچوون (**Interference**) بە

چەند مانایەکی جیاواز لێکدراوەتەوە، یەکێک لەو مانایانە بەیەکداچوونی ژاوەژاوی نێو شەپۆلەکان و تێکەڵبوونیان دەگەیەنێت هەروەک لە فەرهەنگەکەدا ئاماژەی پێدراوە: ((ژاوەژاوی زیادە (بەهۆی سیگناڵەکانی دیکە یان خراپی کەشوهەوا) دێتەکایەوە، کە ڕێگریت لێدەکات لە وەرگرتنی سیگناڵی ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن یان تەلەفۆن بە ڕوونی.)) (Oxford، 2012، 396 ) لێرەدا مەبەست لە بەیەکداچوون، بە واتای تێکەڵبوونی ژاوەژاوی نێو شەپۆلی تۆڕەکانی دەزگای پەخش و گەیاندن دێت، کە بەهۆی بای بەهێز و گەردەلول و ئامێری دروستکردنی ژاوەژاو دێتەکایەوە و شەپۆلەکان بەیەکدادەچن و تێکەڵ بەیەک دەبن. جگە لەمەش دەمێکە زانستی پزیشکی هاوچەرخ گەیشتووە بە چاندن و گواستنەوەی ئەندامێک لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ (جگەر، چاو، دڵ ...تاد) لە جەستەی کەسێکەوە بۆناو جەستەی کەسێکی دی، بەمەش بەیەکداچوونی جەستەیی هاتۆتەکایەوە. ئەمەش بەها و بایەخی (بەیەکداچوون) لەناو کایەکانی ژیان دەسەلمێنێت.

بەیەکداچوون لەنێو کایەی ئەدەب و ژانرە ئەدەبییەکان بەدەر نییە، بەوەی کە بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان بە چوونەناویەک و ئامادەبوونی ژانرێک لەناو ژانرێکی دیکە لێکدەدرێتەوە. (ابو مصطفى، ٢٠١٥، ٤٤) بەمەش تیۆری بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لەسەر ئاستی ئەدەبیاتی جیهانییدا لەسەدەی بیستەم بەشێوەیەکی ئاگایی هاتەئاراوە بەهۆی کاریگەری پێشکەوتنی هزری مرۆڤایەتی و ڕەوتی فەلسەفەی نوێی ئەدەب و هزری پێکەوەژیان و پەرەسەندنی زانستە کۆمەڵایەتیی و دەروونییەکان و پێشکەوتنە خێراکانی تەکنۆلۆژیا و گەیاندن و سنووربەزاندنی نێوان میللەتان و کاڵبوونەوەی مەرزی نێوانیان.

لەگەڵ ئەمەشدا لە بنەڕەتەوە زاراوەی (بەیەکداچوون) زاراوەیەکی هەڵخلیسکێنەری واتایی بەخۆهەڵگرتووە و فۆرمێکی شێلوکاری جیوەیی هەیە و جێگیر نییە، زۆرجار لە سۆنگەی ئەو هارمۆنیەتە جیوەییەوە خۆی لە دیدی هەڵگرتنەوەی ماناکانی توێژەرانەوە دەرفێنێ و بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات، ئیدی وەک کایەیەکی دەلالی فرە ڕەهەند خۆی بەرجەستە دەکات،

هەربۆیە، بەدەر لە پاکی ژانرەکان لەبەرامبەریدا، زاراوەیەکی دیار کراو و چەسپاو لە ئارادانییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زاراوەی (بەیەکداچوون) زاراوەیەکی کراوە و فۆرمێکی نوێی نووسینە، هەمیشە بەسەر ئەزموون و ڕوناکبیری و ژانر و دەق و نووسینی تازە و پرسی بەیەکداچوونیاندا دەکرێتەوە (نهر، ٢٠٠٨، ٧٩٥) .

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین زاراوەی بەناویەکداچوونی ژانرەکانی ئە دەبی گوزارشتێکە لە دیاردەی داهێنانکاری لەڕووی بەیەکداچوونی فۆرمە ئەدەبییەکان کە تێیدا ئامادەبوونی چەند ژانرێکی ئەدەبی لە ناو ژانرێکی دیکەی ئەدەبی دەگەیەنێت بەشێوەیەک کە ژانری یەکەم تایبەتمەندییە جەوهە رییەکانی خۆی لەدەست نەدات، ئەمەش لە ڕۆمان و شیعر و کورتە چیرۆک و شانۆنامە و ئەوانیدی بەرجەستە دەبێت. (عروس، ٢٠١٢، ٣٣٠)، بۆیە ئەمانە بوونە مایەی ئەوەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان ببێتە دیاردەیەکی تازەی ناو ئەدەبی هاوچەرخ ((دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخدا زۆر بەدی دەکرێت و باسکردنی لە گۆرەپانی ڕەخنەدا زۆر بەربڵاوە.)) (رشام،٢٠١٧، ٧٣) ئەم بەربڵاوییەش دواجار وایکرد کە بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان بە پرۆسەی ئەفراندن و دیاردەیەکی تازەی ئەدەبی هاوچەرخ و ئاراستەیەکی هونەری هەژمار بکرێت.

بەم چەشنە دەبینین لە ئەدەبی عەرەبیدا پرۆفیسۆر (محەمەد عروس) لە بەرامبەر بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان (Interference des litteraire genres)ی بەکارهێناوە هەروەک نووسیویەتی: ((ئەمە وایکرد توێژەر زاراوە ی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان بەکاربهێنێت ( Interference des genres litteraire)، کە مانای تێپەڕاندنی سنوورە داهێنراوەکان بەخۆوە هەڵدەگرێت، لەگەڵ پارێزگاری کردن لە کۆڵەگەی گەورە و بنەمای ژانرە ڕەسەنەکە و بەهرەوەرگرتن لە توخمی هونەریی ژانرەکانی دەوروبەر، کە دەقە داهێنراوە کە دەوڵەمەند بکات و بەهای جوانیناسی ناوازە بکات. هەر بۆیە، دەگوترێ بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە شیعردا، یان بەیەکداچوونی ژانرە ئەدە بییەکان لە ڕۆماندا)) (عروس، ٢٠١٢، ٣٢٧) .

لە توێژینەوە ئەدەبییە کوردییەکاندا بۆ یەکەمین جار د. فوئاد ڕەشید زاراوەی (بەیەکداچوون)ی لە هەمبەر زاراوەی (Interference) بەکارهێناوە، هاوکات بۆ ئەم دیاردە تازە ئەدەبییەش لە ئەدەبی کوردی بە (بەنێویەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان)ی ناوبردووە هەروەک دەڵێت: ((دیاردەی فرە ژانری و ڕەگەزی لە میانی یەک تێکستی ئەدەبیدا، لە تیۆری نوێی ئەدەبدا زیاتر بە کرداری (ئاوێتەبوونی یان بەنێویەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان تداخل الاجناس الادبیة "Literary genres interference") ناو دەبرێت.)) (ڕەشید، ٢٠٠٧، ١٣١) دواتر ئاری عوسمان خەیات بە هەمان شێوەی د. فوئاد ڕەشید ئاماژەی بەم پرۆسە ئەدەبییە تازەیە کردووە هەروەک نووسیویەتی: ((ئەمەش لە تیۆری نوێی ئەدەبدا بە کردەی (بەنێویەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان ـ Literary genres interference ) ناودەبرێت.)) (خەیات، ٢٠١٩، ل ١٨٥) بە هەمان شێوە دەبینین لە توێژینەوە زمانییەکانیشدا لە زمانی کوردی پ.د. محەمەدی مەحوی زاراوەی (بەیەکداچوون)ی بەکاربردووە. (مەحویی،٢٠٢١، ٨)

بەم چەشنە لە ڕووی زاراوەوە، بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە زمانی فەرەنسیدا بەرامبەر (Interference des genres litteraire) و لە زمانی ئینگلیزیدا (Literary Genres Interference) و لە زمانی عەرەبیدا (تداخل الاجناس الادبیة)، بە هەمان مانا بەکاردەهێندرێت.

لێرەوە نهێنییەک ئاشکرا ناکەین ئەگەر بڵێین لە ئەنجامی بەیەکداچوونی ژانرەکاندا ئەو دەقەی بە فۆرمێکی نوێ دێتەئاراوە، هەمەجۆری لە زمان و جۆراوجۆری لە شێواز و تازەگەری بەخۆوە هەڵدەگرێت و بەسەر داهێنان و لێکدانەوەدا دەکرێتەوە، ((هەڵبەتە ئەو دەقە ئەدەبیەی کە لەمیانی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکاندا بەرهەم دێت، ئەوا ئاسۆی خوێندنەوەی دە کاتەوەو لە قاڵبەکۆنە شێوازگەراکە (النمطیة) دەردەچێت، هەروەک بەهرەی داهێنانیش پەرەپێدەدات، هانی گرتنەبەری ڕێوشوێنی نوێ بۆ ئەفراندن دەدات و یەکشێوەیی زمان ناهێڵێت، هاوکات توخم و شیوازی هونەری دی لە دەقی داهێنراو دێنێتە ئاراوە، بەمجۆرە داهێنانی تێدەکەوێ و تازە دەبێتەوە و

ئاسۆی خوێندنەوەو هێما و ئاماژەکانی فراوان دەبێت.)) (عروس،٢٠١٢، ٣٢٩) کەوابێ، ئەگەرچی بەشێک لە ژانرە کۆنەکان چوونەتە نێو تۆماری مێژووی ئەدەبییەوە و سەردەمی نووسینیان بەسەرچووە، بەڵام دەکرێ لە نێو پرۆسەی بەیەکداچوونی ئەدەبیدا گیانیان بەبەردا بکرێتەوە و بۆ مەبەستی هەمەجۆر لەناو ژانرێکی نوێدا بەکار بخرێنەوە.

بەم جۆرە، لەناو دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکاندا ژانرە کۆنەکان تەنیا دیاردەیەکی گەردوونی تێپەڕبوو نین، کە لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەندا ئەگەرچی لەناو واقیعدا کۆتاییان پێ هاتبێت، بەڵکو لە پاڵ ئەمەشدا، ئاماژەی گشتگیری هەمیشەیی هەیە، کە بە جۆرێک بە درێژایی مێژوو لە ساتێک لە ساتەکاندا لەناو دەقدا توانستی نوێبوونەوەیان هەیە، ئەمەش لە بەرگێکی دیکەدا، چونکە ژانری ئەدەبی وەکو زیندەوەر بە تەواوی نامرێ، بەڵکو سروشتێکی وای هەیە، کە تواناداره بۆ دووبارەبوونەوە لە نێو دەق بۆ گوزارشتکردن لە هەڵوێست و ڕووداوی نوێ، لە تەک ئەمەشدا لە توانایدا هەیە ئاماژە و شرۆڤەی نوێ لەخۆ بگرێت، بە جۆرێک کە لەگەڵ بۆچوونی سەردەمدا بگونجێت و پەیوەندییەک لەنێوان ئێستا و ڕابردوودا دروست بکات و لاپەڕەکانی ڕابردووی دووری پێ هەڵبدرێتەوە. بۆیە نووسەری بەتوانا و فرەبەهرەی ئەدەبی دەتوانێ کەڵکێکی زۆر لە ژانرە کۆنەکان وەربگرێت و بەرخوردێکی تازەیان لەتەکدا بکات و ئیلهامی خۆی بە ڕێگەی جیاجیا لەناو فۆرمەکەیدا بخاتەڕوو و سیمایەکی هونەری پێببەخشێت، بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونە جۆرێک لە هەمووەکی و گشتگیری بەخۆیەوە هەڵگرێ. سەرباری ئەمەش، ڕەهەندێکی مێژوویی و شارستانی دەداتێ بەشێوەیەک، کە ببێتە مایەی بەخشینی جۆرێک لە شکۆمەندیی و ڕەسەنایەتی، بەمەش بەهای هونەری و ئیستاتیکی دەق بەرز دەکاتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە نرخی ئەدەبی و بەهای هونەری بەیەکداچوونی ژانرەکان، بۆ توانا و سەلیقەی هونەری و بەهێزی خەیاڵی نووسەر و هەبوونی بەهرەی جۆراوجۆر و شارەزایی لە پێکهاتەی هونەری هەر یەک لە ژانرە بەکارخراوەکانی نێو دەقەکە دەگەڕێتەوە.

### ـ بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان و ژانری ڕۆمان

ژانــری ڕۆمــان لە بنەڕەتــدا لەســەر بنەمــای فەلســەفەی تــاکگەرایی دامەزراوە، بە ژانرێکی ئەدەبی گێڕانەوەئامێز و خودان فۆرمی کراوە هەژمار دەکرێــت، ژانــرێکە پێکهــاتە و خاســیەتی تایبەتمەنــدی خــۆی هەیە، لەتەک وەرچەرخانی واقیعی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و کولتوورییەوە، ئەمیش وەرچەرخانی بەسەردا دێت، تاکو ئێستا تیۆردارێژ و ڕەخنەگران نەیانتوانیوە یاسایەکی دیار کراو و فۆرمێکی چەسپاوی بۆ بڕیار بدەن، بۆ ئەوەی بە ئاشکرایی پیشانی بدەن، کە بە دڵنیاییەوە لە قۆناغی دروستبوون پەڕیووەتەوە بۆ سنووری کامڵبوون و لەم بارەیەوە وێنایەکی چەسپاو و ڕوون بە خوێنەر بدەن، لەتەک ئەمەشدا ((ڕۆمان هەردەم وەک دە قێکی کراوە و لەخۆگرتووی هەموو ژانرە جیاوازەکانی ئەدەب دەمێنێتەوە، چونکە ئەو هەردەم لە نێوان چەکوچی تێڕوانین و سندیانەکانی دروستبوون دایە)) (القصراوي، ٢٠٠٨، ٧٤٥) هەر بۆیە دەبینین ژانری ڕۆمان وەکو فۆرمی دەقێکی کراوە و ئازاد لەقەڵەم دەدرێت، کە هیچ سنوورێکی قەدەغەکراو و هێڵی سووری لە هەمبەر هیچ ژانرێکدا نییە و فۆرمەکەی لە پەرەسەندن و گۆڕاندایە و ناگاتە دواخاڵی کۆتایی و هەر ژانرێکی ئەدەبی و نائەدەبی دەشێ لە ڕێگای پرۆسەی بەیەکداچوونەوە ئاوێتەی قەوارەکەی بێت، ((دەقی ڕۆمان، هەمیشە دەقێکی کراوەیە و زۆربەی ژانرەکانی دیکەی ئەدەب دەتوانن جێی خۆیان لەناویدا بکەنەوە.)) (ئەڵوەنی،٢٠١٢، ١٤٨) بەم چەشنە پرۆسەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لەناو فەزای ژانری ڕۆمان دێتەکایەوە، ئەمەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە بنەڕەتدا ڕۆمان وزەیەکی زۆری تێدایە بۆ وێنەکێشانی واقیعی ژیان بە ڕێگای گوزارشتی هەمەجۆر، هاوکات لە ڕووی ستراکتووری واتایی و سەرچاوە مەعریفییەکانی پێکهاتەی دەقەوە چووەتە ناو سنووری چەندان بواری زانستی، مەعریفی، ئایینی، هزری و فەلسەفییەوە، لەڕووی ستراکتووری هونەرییشەوە لەسەر بناغەی بەیەکداچوونی چەندان ژانری ئەدەبی و هونەری هاتۆتە کایەوە، هەروەک عەلی عوسمان یاقوب پێیوایە بونیاتی ((ڕۆمان ئاوێتەیەکە لە چەندان هونەری

تر. ڕۆمان، چیرۆک و شێوازی داڕشتنی شیعرئامێزی تێدایە، بە مەرجێک ڕۆماننووس لەم بارەوە لێهاتوو بێ، هەروەها لە ڕۆماندا دیالۆگی شانۆیی و تەنانەت هونەری تەشکیلیش هەیە. ئەمە جگە لەوەی ڕۆمان دەرگای لە ڕووی زانستەکانی تریش والایە، وەکوو، کۆمەڵناسی، سایکۆلۆژیا، فەلسەفە. ڕۆمان لە ژانرەکانی تر بەتواناترە لە پیشاندانی قوڵایی واقیعی ئاڵۆزی ژیان بە هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کەلتوورییەکانییەوە. لەمانەش گرنگتر، ئەوەیە ئەو فۆرمەی لە ڕۆماندا بەکاردێ بە بەردەوامییەوە دەگۆڕێ.)) (سدیق،٢٠٢٠، ١٤٠ ـ١٤١ )

بەم ڕەنگە، دەبینین فۆرمی کراوەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆماندا ئاڕاستەیەکی تازەگەری دەگرێتەبەر، کە ڕێڕەوێکی گوزارشتکارییە و ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی ئەزموونی ئەدەبی هاوچەرخ لەخۆ دەگرێت، بە دەبرینێکی دی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان دەبێتە ئاڵوگۆڕی فۆرم و ئامرازی دەربڕین، تاوەکو ڕۆماننووس لەو ڕێگایەوە بە زمانێکی ئەدەبی هەست و سۆز و بیر وئەندێشەکانی خۆی دەربڕێت، بەمەش بەیەکداچوونی ژانرەکان لەلای ڕۆماننووسانەوە دەبێتە فاکتەر و کەرەستە و سەرچاوەی داهێنان. هەر بۆیە، لە ڕوانگەی (میخائیل باختین)ەوە ڕۆمان ((ڕێگە بە سەرجەم جۆرەکانی ژانری ئەدەبی دەدات بچێتە ناو قەوارەکەی، ئەدەبی بێت یان نائەدەبی، هەموو ئەو ژانرانەش کە دەچنە ناو ڕۆمان هەڵگری زمانی تایبەتی خۆیانن)) (باختین، ١٩٨٧، ٨٩) لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆماننووس لە ڕێگای بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لەنێو فەزای ڕۆماندا، بە زمانێکی تێکەڵاو، گوزارشت لە حاڵەت و دیاردەیەکی نێو ژیان لە چوارچێوەی داڕشتەیەکی ئەدەبی و تاموبۆیەکی پڕ چێژی ئیستاتیکی دەکات. لەوانەشە ئەو هۆکارەی کە پاڵی بە ڕۆماننووسەوە نابێت بۆ ئەوەی بەیەکداچوون لەنێو ژانرە ئەدەبییەکان بێنێتەکایەوە، لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ، کە جۆرێک لە پەیوەندی یان دەتوانین ناوی بنێین هاوسۆزی، نێوان خودی ڕۆماننووس و ئەو ژانرە ئەدەبییەدا هەبێت کە لەنێو دەقەکەدا پەخش دەکرێت. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەر بە وردی لێکیبدەینەوە، ئەوا

دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردنی پێکهاتەی ڕۆمانەکەی لێدەکەوێتەوە. بەمەش ئەزموونی نووسین و جیهانبینییەتی ڕۆماننووس فراوانتر دەبێت. واتە ڕۆماننووس لەناو فەزای ڕۆماندا کاتێک پەنا دەباتە بەر بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان بە دیوێکدا ئەزموونی خۆی پێ دەوڵەمەند دەکات، بەدیوێکی دیکە، شێوازەکانی نووسین دەگۆڕێت، وەستانێک بە ڕەوتی گێڕانەوە دەبەخشێت، پشوویەک بە خوێنەر دەدات و جوانییەک لەناو دەق ڕۆدەنێت. هەڵبەتە ئەمەش بەبێ مەبەست نییە، بەڵکو ئەمە بەشێک لە ستراتیژی نووسەر لەخۆ دەگرێت تاوەکو گوزارشت لە هەڵوێستێک یان ئامانجێک بکات یاخود لە ڕێگەیەوە کەموکوڕییەکانی سەردەمی تازە بخاتەڕوو.

ئەگەرچی زۆرجار ڕۆماننووس، بۆ هێنانەئارای بەیەکداچوونی ژانری ئەدەبی لە نێو تێکستەکەیدا، پەنا بۆ چەندین ژانر دەبات، بەڵام هەمووجار ڕۆماننووس پەنا بۆ ژانری نوێ نابات، بەڵکو هەندێکجار ژانرێکی کۆن دەستنیشان دەکات، کە دەتوانین بە نموونەیەکی دێرین ناوی بنێین، وەکو خستنەڕووی حەکایەت، ئەفسانە، داستان، حەیران یاخود هەر ژانرێکی دی، بەمەش لەنێو دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرەکان لە ڕۆماندا دەرفەت بە دەرکەوتنەوە و زیندووکردنەوە و ئاکتیڤکردنەوەی ژانرە کۆن و فەرامۆشکراوەکان لەنێو ژانرێکی هاوچەرخدا دەدرێت. ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت کە ڕۆمان ژانرێکی ئەدەبی ڕومالکار و قەڵەمڕەوخوازە، وزە لە ژانرەکان وەردەگرێت و لەنێو پێکهاتەی خۆیدا کۆیان دەکاتەوە یان دەیانتوێنێتەوە، لەتەک ئەمەشدا وزەیان پێدەبەخشێت و لەناو فۆرمی خۆیدا ئاکتیڤیان دەکاتەوە و بەمەبەستی هەمەجۆر لەڕووی هونەری و ئیستاتیکی و واتایی لەچوارچێوەی هارمۆنیایەکی سەرتاپاگیر کە دەقەکە فەرزی دەکات، ژانرەکان وەکو ئامراز و تەکنیک بەکار بێنێت، بەو مەرجەی سەرسامی داهێنان لای وەرگر بوروژێنێت.

کەواتە پێکهاتەی هونەری و واتایی ڕۆمان بەچەشنێک فراوانە، کە دەتوانین بڵێین هەموو ئەو ژانرانە لەناو پێکهاتەکەیدا جێگەیان دەبێتەوە و لەناو سنووری فۆرمەکەیدا بەیەکداچوون و کارلێکیان لەگەڵدا دەکات، ئەمەش

هەروەک تێبینی دەکەین، زۆر و جۆراوجۆرن: کۆن و تازە، زارەکی و نووسراو، بیستراو و خوێندراو، پەخشانی و شیعری، داهێنەر و ڕەخنەگرانە دەگرێتەوە. (يقطين، ٢٠٠١، ١٠٩)

ئەوەی لێرەدا گرنگە و پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان، تەنیا لەچوارچێوەی یەک ژانردا ڕوو نادات، بەڵکو دەخزێتە نێو سەرجەم ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکان بۆ نموونە، ئێمە ئەم بەیەکداچوونە لە شیعر، چیرۆک، شانۆنامە، دەقەواڵاکان، تەنانەت لە سینەما و هونەری شێوەکاری ... تاد، دەبینین. واتە کاتێک بەیەکداچوون لەنێو هەر ژانرێکی ئەدەبی وەکو فۆرمێکی کراوەی نووسین تازەگەرییەکی تێدا دەردەکەوێت و پرۆسەی داهێنانی تێدا بەرجەستە دەبێت، ئەوا یەکەم کەس کە بە چاوێکی بەرز لێیدەڕوانێت خوێنەرە، دواتر دەشێ نووسەرانی دیکە بکەونە ژێر کاریگەرییەکەی و وەکو شێوازێکی کاریگەر چاوی لێ بکەن و ببێتە فۆرمێکی نووسینی سەردەم. دیارە ئەمەش لە ئاراستەیەکی نوێخوازی بەدەر نییە، چونکە لە ڕەوتی پەرەسەندنی ژانرە ئەدەبییەکاندا نووسەرە گەورەکان هەمیشە کاریگەرییان بەسەر گۆڕینی ڕێرەوی مێژووی ژانرەکان بەجێ هێشتووە.

جگە لەمەش، کاتێک خوێنەر دەست بە خوێندنەوەی دەقی ڕۆمانێک دەکات کە لەسەر بنەمای فرە ژانری ڕۆنراوە، ئەوا جگە لە چێژوەرگرتن لە ژانرە بەیەکداچووەکانی نێو ڕۆمانەکە، کە ڕۆڵی لە بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری دەقەکەدا هەیە، خوێنەر ڕاستەوخۆ تێکەڵ بەو جیهانە خەیاڵییەش دەبێت کە ڕۆماننووس خوڵقاندوویەتی، بەمەش خوێنەر لەگەڵ جیهانبینی ڕۆماننووس و ڕۆمانەکە بەیەکدادەچێت و ئەزموون بۆ ژیانی ڕاستەقینە و ئاشنابوون بە ئارێشە مرۆییەکانی مرۆڤی سەردەمی تازە پەیدا دەکات و هەندێ نهێنی تازەی بۆ دەردەکەوێ، هەروەک عەلی عوسمان یاقوب پێیوایە ((کاتێک مرۆڤ ڕۆمانێک دەخوێنێتەوە، دەچێتە ناو هزر و لێکدانەوەی کەسێکی تر و دیوە نهێنییەکان دەدۆزێتەوە. بەمەش خوێنەر زیاتر شارەزای بەرودوای کێشەکانی ژیانی ڕاستەقینە و تەنانەت ئەزموونی بۆ

چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەوڵەمەندتر دەبێ، بەو پێیەی خوێندنەوە بیر و لێکدانەوەی خوێنەر چالاکتر دەکا. ڕاستە خوێنەر ناتوانێ بە جەستە بچێتە ناو ئەو دنیا خەیاڵییەی چیرۆک ڕۆی دەنێ، بەڵام دەتوانێ بە مێشک و خەیاڵکردن خۆی لەوێ بدۆزێتەوە، ئەمە وادەکا باشتر لەو خەڵکەش بگات، کە لە ژیانی ڕاستەقینەدا دەیانناسێ، چونکە، کە ڕۆمان دەخوێنێتەوە، لە خەیاڵی خۆی شارەزای پێوەندی کردن دەبێ بە خەڵک. ئەم شارەزاییە خەیاڵێکی بەپیتی لێ دێتە بەرهەم)) (سدیق، ٢٠٢٠، ١٤٥) تەنانەت خوێنەر دەتوانێ گەشتی هەمەجۆر بە ڕۆژگاری ڕابردووی و ئێستە و داهاتوودا لە ناو جیهانی ڕۆمان بکات، بەم ڕەنگە، بە دیوێکدا بەیەکداچوونی خوێنەر و ژانرەکان و دەقی ڕۆمان دێتەکایەوە، بەدیوێکی دیکەشدا، ڕۆمان دەبێتە پەنجەرەیەک بۆ بینینی ژیان بە تێڕوانینی ڕۆماننووس و کارەکتەرە خوڵقێنراوەکانی دەستی ڕۆماننووس لەو دونیا بەچێژەی ڕۆماننووس لەنێو ڕۆمانەکەدا ڕۆی دەنێت، ((ئەوە ڕۆمانە ئێمە دەباتە ناو مێشکی کارەکتەرەکانەوە و لەوێوە، بەپێی بینینی ئەوانەوە، ئێمەش دنیا دەبینین. بینینی دنیا لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە، شتێکی زۆر پێویستە بۆ گەشەکردنی مرۆڤ. ئێمە بینینمان سنووردارە، بەڵام کاتێک لە ڕێگای بینینی کەسێکی ترەوە، لە ڕێگای خوێندنەوەی ڕۆمان، سەیری دنیا دەکەین، هەندێک شت دەدۆزینەوە، کە بە دڵمانە، بۆیە، وەریاندەگرین و دەیانکەین بە بەشێک لە هی خۆمان، بینینەکەمان بەردەوام گەشە دەکات)) (سدیق، ٢٠٢٠، ١٤٦).

کەواتە، ڕۆمان فۆرمێکی فراوان و کراوەی هەیە، سەرجەم ژانری هونەری و ئەدەبی و نائەدەبییەکان لەناو قەوارەکەیدا بێ هیچ بەربەستێک نیشتەجێ دەبن و شوێنێک دەگرن و پێگەیەکی گرنگ دادەمەزرێنن، بەمەش ڕەهەند و مانایەکی گەورەتر بە ئەزموونی ڕۆمان و ڕۆماننووس دەبەخشن، ئەم بەیەکداچوونەش دەبێتە ئامرازێکی هونەری بۆ گوزارشتکردنی ڕۆماننووس لە هەست و تێڕوانینە جوانیناسییەکانی، هاوکات بەیەکداچوونی ژانری ئەدەبی لە ڕۆماندا هزر و خەیاڵی قووڵی ڕۆماننووس دەسەلمێنێ لە بەرخوردکردنێکی تازەگەرییانە لە هەمبەر دەقدا، بە ئامانجی بەهونەری

کردنی زیاتری ڕۆمانەکە و بەخشینی چێژی ئێستاتیکی  بە خوێنەر و بە دیهێنانی داهێنان لە نێو فەزای دەقدا، لەتەک پاراستن و گونجانی تێمەی سەرەکی دەقەکە و بەیەک بەستنەوەی ڕایەڵەی تێمای سەرجەم ژانرەکانی نێو دەقەکە بەیەکەوە. بەمەش، ئەم جۆرە ڕۆمانە لە شێوەی مافورێکی فرەڕەنگ و فرەچەشن لە ژانری جۆراوجۆر بە دەستێکی هونەرمەندانەی ڕەنگینی سەرشار لە ئیستاتیکا دەچنرێ، کە لە بنیاتەکەیدا فرە شێوازی لە خۆ دەگرێت و خوێنەر تێکەڵ بە دونیای داهێنانکاریی دەبێت.

**ـ هێڵە گشتییەکانی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆماندا**

بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان چوارچێوەیەکی کۆنکرێتی تایبەت بە خۆی نییە، بەڵکو دەشێ بە دەربڕینێکی دی بڵێین چەند بنەمایەکی ڕێژەیی تایبەت بەخۆی هەیە، لێرەدا، هەوڵ دەدەین کە ئاماژە بە گرنگترین خاڵە سەرەکییەکانی بکەین. هەڵبەتە، ئەم هێڵە گشتییانە مانیفێست و ڕێکەوتنی نووسراوی نێوان ڕۆماننووس و ڕەخنەگر و تیۆرداڕێژەران نیین، کە هاتبن کۆببنەوە و بنچینەیەکی تایبەت بە بەیەکداچوونی ژانرەکانیان لەسەر بونیاد نابێت، بەڵکو ئەم کارە ڕەهەندێکی مەزەندەیی و هەڵێنجانی لەخۆگرتووە کە گرنگترینیان لەم خاڵانەدا چڕ دەبنەوە:

١ــ هەڵوەشانەوەی ناوەندگەرایی پاکژی ژانرەکان و تۆخکردنەوەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان و تێکشکاندنی سنووری نێوانیان، ئەمەش دواجار دەبێتە مایەی هاتنەئارای پێکهاتەیەکی ئیستاتیکی و هونەری دیکە، کە بە کارێکی تازەگەر هەژمار دەکرێت. بەمەش، بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان هیچ یاسایەکی دیار کراو پەیڕەو ناکات، پابەندی هیچ سیستەم و ڕێسایەک نابێت، بەڵکو ئازادییەکی تەواوی هەیە بۆ لەخۆگرتنی ژانری ئەدەبی و هونەری و هەر کەرەستە و هێمایەکی زانستی (ڕەشید، ٢٠٠٧، ١٣٣) .

٢ـ بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان خودان رووبەرێکی فراوانە بۆ ژانرە جیاوازەکانی ئەدەب کە تێیدا دەشێ ژانرێک یان چەندان ژانر یاخود ڕەگەزێکی ئەدەبی نووسراو و زارەکی بە هەموو خەسڵەت و

ئەدگارەکانییانەوە لەناو ژانرێکدا کۆببنەوە، وەکو کۆبوونەوەی شیعر و حەکایەت و چیرۆک و شانۆنامە و پەخشانە شیعر و نامە و ئەفسانە و گۆرانی و کورتەنامەی مۆبایل و گرتەی سینەمایی و ئیمەیلی ئەلیکترۆنی و پەندی پێشینان لەناو ژانری ڕۆماندا. بەمەش، ڕۆماننووس دەتوانێت لەناو تۆپۆگرافیای ڕۆمانەکەیدا دونیایەکی هەمەڕەنگ بێنێتەکایەوە، ئەمەش بە مەبەستی قووڵکردنەوەی ئێستاتێکای بەرهەمە هونەرییەکەی. بۆیە ((لە تیۆری نوێی ژانرەکاندا هیچ ڕێگە و کلێشەیەک بۆ نووسەر دیار ناکرێت و تەنانەت بڕوایان وایە کە ژانرەکان دەتوانن تێکەڵی یەکتر ببن.)) (شمیسا،١٣٨٧، ١٩) بەواتا بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان ئاوێتەیەکە لە ژانر و ڕەگەز و دەق و تەکنیکی چەند ژانرێکی ئەدەبی جیاواز.

٣ ـ لە بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکاندا هەندێکجار دەستنیشانکردنی ژانرە جیاوازەکان لەناو دەقدا بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵدرێت تاکو هزری وەرگر بجولێنێت و وابکات پشکنین لەناو دەقەکەدا بکات و ژانرە جۆراوجۆرەکان بدۆزێتەوە، هەندێکجاریش نووسەر ئاسانکاری بۆ خوێنەر دەکات و ناونیشانی لاوەکی بۆ ژانرە ترنجێنراوەکان دادەنێت، ئەمەش نەک هەر کارناکاتە سەر شێواندنی بونیادی گشتی دەقەکە، بەڵکو وادەکات خوێنەر تووشی بێزاری نەبێت و چێژ لە ژانرە کۆکراوەکان وەربگرێت، ئەم پرۆسەیەش پەیوەستە بە توانا و لێهاتوویی نووسەری دەقەوە.

٤ـ ئەوانەی ژانرە ئەدەبییەکان لەناو دەقێکدا کۆدەکەنەوە و کارێکی ئەفرێنەرانە دێننەکایەوە، زۆرجار کەسانێکی خاوەن بەهرەی جۆراوجۆری ئەدەبی و هونەرین و لێهاتوو و شارەزای چەندان کایەی زانستی و ئەدەبی و هونەرین، واتە، نووسەرەکان تواناو بەهرەی خۆیان لە چەندین بواردا تاقیکردۆتەوە و ئەزموونی نووسینی شیعر، ڕۆمان، شانۆنامە، کورتەچیرۆک و ڕەخنەیان هەیە. هەندێکجاریش دەبینین نووسەرەکان کاتێک بەهرەی ژانرێکی ئەدەبییان تێدا نییە، ئەوا ڕاستەوخۆ وەکو تەکنیک و ئامرازی دەربڕینی هونەری پەنا بۆ بەهرەی نووسەرێکی دی دەبەن و لە بەرهەمەکەیاندا وەکو خۆی ژانرە ئەدەبییەکە وەردەگرن و ئاماژە بە ناوی

نووسەرەکەی دەدەن، هەروەک دەبینین عەبدوڵلا سەراج لە ڕۆمانی (سلێکوک هۆکلێر) کارەکتەرێکی شاعیری بەناوی (ئایندە) سازکردووە و تێیدا هەندێک لە شیعرەکانی شاعیر سەباح ڕەنجدەر وەکو خۆی بە نموونە هێناوەتەوە. (سەراج، ٢٠١١) هەشە سوود لە ژانرە فۆلکلۆری و ئەدەبە میلییەکان وەردەگرێت، دووبارە لەناو ڕۆمانەکەیدا رۆح دەکاتەوە بە جەستەیان، بەمەبەستی تایبەتی خۆی وەریان دەگرێت، ڕۆمانەکەی پێ موزاییک دەکات و ئیستاتیکایەک بە بەرهەمەکەی دەبەخشێت.

٥ ـ بەیەکداچوونی ژانرەکان و بەزاندنی سنووری نێوانیان، دوو شێوەی دەرکەوتنی لە دونیای ئەدەبدا هەیە، یەکەمیان پەیوەستە بە کۆبوونەوەی ژانرە ئەدەبییەکان لە ناو یەک دەقی خاوەن ناسنامەی ئەدەبی کە مەبەست لێی ئەوەیە دەقەکە ناسنامە ژانرییەکەی روون و ئاشکرایە، لەم حاڵەتەشدا ژانری دەقەکە ڕۆمانە یان شیعرە یاخود چیرۆکە... تاد بەم ڕەنگە ((ئەم ژانرە خاوەن ناسنامەی خۆیەتی و چەندان ژانری دیکەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، لە هەمان کاتدا خەسڵەتی تایبەتیی خۆی، وەکوو ژانر، پاراستووە، بۆ نمونە هەندێکجار دەبینین لەناو ژانری رۆمانی هاوچەرخدا چەندان ژانریی دیکە ئامادەییان هەیە و رۆماننووس بە ئەنقەست ئەو ژانرانەی لە خزمەت بەرهەمە ئەدەبییەکەی خۆی بەکارهێناوە، بەمەبەستی داهێنانکاری و جوانیناسی شێوازەکەی پەنای بۆ بردوون.)) (ئەحمەدزادە، ٢٠٢١، ٧) دووەمیان کۆبوونەوەی ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکانە لەناو یەک دەقدا لەژێر ناوی دەق یان نووسین خراوەتەڕوو، بەبێ دیار کردنی ناسنامە ئەدەبییەکەی هەروەک ئەوەی ڕۆڵان بارت لە چوارچێوەی نووسین یان دەق ئاماژەی پێداوە. بەم شێوەیە دواجار ((ئەم دەقانەش لەلایەن ئەدیبانەوە لە ئەنجامی بەیەکداچوونیان بە بونیاتی ژانرێکی دیکەی وەکو شیعر و ئەفسانە و چیرۆک و داستان و دراما و پەخشانە شیعر و نامە و یاداشت و گەشتنامە... تێکستێک داهێنراوە.) (ئەحمەدزادە، ٢٠٢١، ٧)) کەواتە لێرەدا دەقنووس لە ئەنجامی بەیەکداچوونی چەندان ژانری ئەدەبی و هونەری دەقێکی ئەدەبی نوێی هێناوەتە بەرهەم.

٦ ـ ئامانجی سەرەکی لە بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکاندا، ئەنجامدانی تازەگەریی و داهێنانکارییە ((لێرەشدا ڕۆماننووس پەنا بۆ هەموو شێواز و ڕێگایەک دەبات و لەناو گێڕانەوەکەیدا موتوربەیان دەکات، بەم پێیەش هەموو ژانر و جۆرەکانی دیکە دەبن بە وەسیلەیەک بۆ رۆماننووس بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی.)) (ڕەحمان، ٢٠٢٠، ٥٨) بەم شێوەیە گرنگ ئەوەیە نووسەر لە ئامانجەکەیدا تازەگەریی ڕۆبنێت و تەواوی کارەکەی لەسەر بنەمای پێشمەرجی داهێنان ڕەنگڕێژ بکات.

٧ ـ بونیاتی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لەسەر بنەمای تێکچڕژانی ژانرە جیاوازەکان ڕەنگڕێژبووە، هەڵبەت، ژانرە جیاوازەکان خاوەن فۆرم و زمانی تایبەتی خۆیانن، ئەمەش وایکردووە بەرهەمە تازەکە هەڵگری هەمەچەشنی زمانی جیاواز و بێت و یەک شێوە زمانی تێدا بەدی نەکرێت و تێکەڵەیەک بێت لە زمانی هەمەجۆر، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکجار دەشێ زمانی ژانرە ڕەسەنەکە بەسەر هەموو ژانرەکانی دیکە زاڵ بێت کە لەخۆی گرتوون، بۆ نموونە ئەگەر هەموو ژانرەکان لەناو ژانرێکی وەکو شیعر کۆببنەوە و شاعیرێک بەرهەمی هێنابێت، ئەوا دەشێ بەشێوەیەکی ڕێژەیی زمانە شیعرییەکە تا ڕادەیەک زاڵ بێت، کەچی ئەگەر ژانرەکان لەناو ڕۆمان یاخود چیرۆکێکدا کۆکرابنەوە، ئەوا زمانێکی پەخشانی هونەریی بەسەریانیدا زاڵ بێت.

## بەشی دووەم

## بەیەکداچوونی ژانری حەکایەت و ڕۆمان

گێڕانەوە کۆڵەگەی بونیادی حەکایەتەو حەکایەتیش یەکێکە لە ژانرە فۆلکلۆرییەکان و چێژێکی تایبەتیی هەیە، گێڕانەوەکەی خۆشی و ئارامی بە وەرگر دەبەخشێت، لەناو ستراکتۆرە واتاییەکەیدا پەیامی هەمەجۆری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ڕامیاری و ... هتد تێدایە، کە بەدرێژایی سەردەم گۆڕانی بەسەردا دێت و لە نێو شەپۆلەکانی نوێبوونەوەدا جووڵە دەکات، ((حەکایەت جیهانێکی تایبەتییە، چونکە تام و چێژی بێ هاوتای خۆی هەیە، کە هەرگیزا و هەرگیز پیر نابێت، وەکو خدری زندە عومری درێژە،

هەر لە منداڵییەوە تا پیری دەبێتە ڕێنیشاندەرمان و ئامۆژگاری زاخاوی مێشکمان دەدات.)) (جامباز،٢٠١٢، ٢٢).

حەکایەت وەکو زاراوە (هەقایەت، حەکایەت، چیرۆکی میللی، بەسەرهات، سوارفە، سەرگوزشتە، نەقڵ، لە ناو کوردی لوڕدا مەتەڵۆگ) یشی بۆ بەکاردێت (ڕەسووڵ، ١٩٧٩، ٢٤). حەکایەت زیاتر پشت بە ڕووداو و پاڵەوانی جۆراوجۆر و مۆتیف و بیرۆکەی ڕوون و دەربڕینی سادە دەبەستێ، ئەمەش وادەکات بەئاسانی بڵاو ببێتەوە، چونکە باس لە ئەزموونێکی گشتی دەکات، ویژدان و هەستی کۆمەڵگا لەخۆ دەگرێت و ئاستە ڕۆشنبیرییەکەی دەردەخات و وەرگر ئاوێتەی دونیایەکی فراوان دەکات بەبێ ئەوەی لە واقیعی ژیان داببڕێت بەوەی حەکایەت ((ئیماژەیەکی ئەوتۆت پێ دەبەخشێت، کە گوایە ئەوەی وا دەیگێڕێتەوە هەر بە ڕاستی لەسەر وشکانی واقیعدا ڕوویداوە، ئەگەرچی ناوی شار و گوند و ڕووبار و چیاکانیش بە ڕوونی بەیان نەکرابن، یان شوێنی ڕووداوەکان خەیاڵی و نەبیستراویش بن، هەقایەت هەستی ئەوەمان پێ دەبەخشێت، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەسەرهاتگەلێکی لەو چەشنە لە کەلێنێکی ئەم گەردوونە فراوانە ڕوویان داوە.)) (حەسەن،٢٠١٠، ١٦)، واتە حەکایەت خاوەنی ئەو توانایەیە، کە مرۆڤ بۆ گوزارشت کردن لەخۆی بەشێوەیەکی هونەری پێویستی پێیەتی و حەز و خولیاو خەون و خەیاڵ و ئاوات و خۆزگەکانی تێدا دەدۆزێتەوە.

لەهەمانکاتدا، حەکایەت توانای ئیقناع کردنی تێدایە و وەرگر دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی، تەنانەت تاکو ئێستا لەناو ڕووبەری گشتییدا حکایەت بایەخی خۆی لەدەست نەداوە. بۆ نموونە، زۆرجار لە ناو ژیانی ڕۆژانەدا دەتوانرێت ڕقاویترین و ئاژاوەگێڕترین کەس، بەدوو قسە، بە دوو بیرخستنەوە، بە دوو حەکایەت، لەکەلی شەیتان بهێنرێتە خوارەوە (سیوەیلی، ٢٠٠٨، ١٧٧). ئەمەش مانای زیندوویێتی حەکایەت لەناو دونیای واقیع و دونیای ئەدەب دەگەیەنێت بەوەی ((لە سەردەمی ئێستاشدا کە چەندین ژانری جیاجیای ئەدەب لە ئارادان و بوونیان هەیە، هێشتا حیکایەت پێگەیەکی گەورەی لەنێو ئەدەب و کۆمەڵگەدا هەیە.)) (صوفی، ٢٠٢١، ١٦).

لەبارەی سەرچاوەی حەکایەتەوە، توێژەران دەیگەڕێننەوە بۆ ڕۆژهەڵات بە تایبەتی ناوچەی میزۆپۆتامیا، ((زۆربەی لێکۆڵەران و زانایان کە باسی کەلەپووریان کردووە و هاتونەتە سەر حیکایەت، ڕایان وا بووە، کە زۆربەی گەلانی دونیا حیکایەتیان لە وڵاتی میسۆپۆتامیا (وڵاتی دوو زێیان) وەرگرتووە، بەتایبەتی کەسانی وەک (ساموێل، نوح کریمەر، کریڤر، ساندرۆ، فریزەر، و زۆری تری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)) (ڕەسول، ٢٠٠٥، ١٣). ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە حەکایەت مێژوویەکی یەکجار کۆنی هەیە، لەپاڵ ئەمەشدا توێژەران دێرینترین حەکایەتە تۆمارکراوەکان دەگەڕێننەوە بۆ لای میسری و کلدانییەکان، ((کۆنترین هەقایەت، هەقایەتەکانی (برایانی میسری)یە کە لەسەر کاغەزی (بەردی) تۆمار کراون و دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی هەشتەمی پێش زایین. پاشان هەقایەتە ئەفسانە ئامێزەکانی ئەتانا Etana و باز Aigleـ ی کلدانییەکانە، کە لەسەر خشتی سوورەوەکراو تۆمار کراون)) (عومەر، ٢٠١٢، ٢٨٣).

ڕۆماننووسان لە چوارچێوەی بەیەکداچوونی ژانرەکاندا دەرفەتی ئەوەیان بە حەکایەت داوە، کە بە خاسییەتی خۆی لەناو پێکهاتەی ڕۆمان بەتێڕوانینێکی نوێ و مانا و مەدلولی تازە بەرخودی لەگەڵدا بکرێت و بۆ ئامانجی تایبەتی بەرگێکی تازەی بەبەردا بکرێتەوە و لەنێو دەقدا ئەرکێکی پێبدرێت. یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندێتییەکانی حەکایەت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هۆشیارکردنەوە و وانە و عیبرەت و پەند و ئامۆژگاری و کەڵک وەرگرتن لەخۆدەگرێت، هەروەک دەبینین لە تێڕوانینی عەزیز گەردیدا حەکایەت ((مەبەستێکی تایبەتی تێدایە؛ جا ئامۆژگاری بێ، هۆشیارکردنەوە بێ لە مەترسی، پەند و عیبرەت بێ، سوودوەرگرتن بێ لە ژیان و بەدبەختی خەڵک، هەرچی هەبێ)) (ئیزۆپ، ١٩٨٢، ٣) جگە لەمەش هەندێکجار ڕۆماننووسان وەک سەرچاوەیەکی بەپێز بۆ دەوڵەمەندکردنی ستراکتۆری واتایی و هونەری بەرهەمەکانیان سوود لە حەکایەت وەردەگرن و بەشێوەیەکی هونەری بۆ گوزارشت کردن لە مەبەستێکی تایبەتی خۆیان، پەنا بۆ حەکایەت دەبەن و ئاوێتەی ستراکتۆری ڕۆمانەکانیان دەکەن، ئیدی

لێرەوە بەیەکداچوونی حەکایەت و ڕۆمان دێتەکایەوە و حەکایەت دەبێتە هەوێنی دروستبوونی دەق و بەشدار دەبێت لە بناغەدارشتنی ڕۆمان، ئەمەش چ وەکو دووبارەکردنەوەی دەقاودەقی حەکایەتەکە وەکو خۆی، چ وەکو وەرگرتنی بیرۆکە، چ وەکو کەرەستە و ئامرازێکی هونەری و ئیستاتیکی کە بابەتەکە دەوڵەمەندتر دەکەن. هەر ئەمەیە وا دەکات دواجار شاکارێکی ئەدەبی جوان و جیاواز دابهێندرێت. (ابابکر، ٢٠٢٢، ٥٩) واتە ڕۆماننووسان لەناو دەقی ڕۆمانەکانیاندا بە تێڕوانینێکی تازە و بە مەبەستی جۆراوجۆر و بەخشینی مەدلولی نوێ بەرخورد لەگەڵ حەکایەت دەکەن، لەناو دەقی ڕۆماندا سەرلەنوێ ئاکتیڤی دەکەنەوە، ئەرکی تازەی پێ دەبەخشن و بەرگێکی تازەی بە بەردا دەکەنەوە.

**- بەیەکداچوونی ژانری ڕۆمان وحەکایەت لە (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)دا**

بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)دا بەشێوازێکی هونەری بەرخورد لەگەڵ حەکایەت دەکات، چەند حەکایەتێک ئاوێتەی بونیاتی ڕۆمانەکەی دەکات، دەلالەتی تازەیان پێ دەبەخشێت. لە ئاکامی بەیەکداچوونی هەردوو دەقدا گۆڕانکاریی بەسەر تۆپۆگرافیای ڕۆمانەکەدا دەهێنێت و ئیستاتیکایەکیش بە گێڕانەوەکان دەبەخشێت.

لەم ڕۆمانەدا کارەکتەری بارۆنی خەیاڵ یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان و سروشتی کەسایەتییەکی دەسەڵاتخوازی هەیە، بەرپرسیاریەتی گەڕەکی پیاوە دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتووەکانی لە ئەستۆدایە، ئەو گەڕەکە لە ڕۆمانەکەدا بە گەڕەکی نوێمیران ناسراوە. ئەم کارەکتەرە، کارەکتەرێکی ترسناکە و هەموو دەسەڵاتەکەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و دەستەمۆکردنی ئەوانیدی بەکاردێنێت. واتە، بارۆنی خەیاڵ ڕۆڵی ڕاستەقینەی دەسەڵات ناگێڕێت، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی کەسێتی خۆی دەسەڵاتەکەی بەکاردێنێت، وەکو کەسایەتییەکی نەرێنی دەردەکەوێ و کەسە بە توانا و لێهاتووەکان بە سامان دەکڕێت یان لەپێناو بەرژەوەندی خۆی

دەستەمۆیان دەکات و دەیانخاتە ناو نەخششە و پڕۆژەکانی خۆی. ئەگەر ڕازی نەبوون، ئەوا بە ڕێگەی دیکە دەیانشکێنێ یان لەناویان دەبات، ((بارۆنی خەیاڵ و دەسەڵاتداران هەر کەسێ لێیان یاخی بێت هەوڵی کڕین و شکاندنی دەدەن، یاخود لە ڕێگای سۆزانییەکانەوە، تووشی گرفتی مۆڕاڵی دەکەن و قەزێی ئەخلاقی بۆ دروست دەکەن.)) (نەجمەدین، ٢٠٠٩، ٢٤٨).

هەر لە دەقەکەدا ڕۆماننووس کارەکتەرێکی بەناوی ماجیدی گوڵ سۆلاف یان ماجەلانی خەیاڵ سازکردووە، ئەم کارەکتەرەش یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە و لەبەرەی ڕوناکبیراندایە دژ بە بارۆنەکان، ((کاری بەختیار لەم ڕۆمانەدا دروستکردنی مۆدێلێکی تازەی ڕۆشنبیرییە.. ڕۆشنبیرێک کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ دەسەڵاتدا دانووستان نەکات.)) (نەجمەدین، ٢٠٠٩، ٢٠٢) لە دەقەکەدا کارەکتەری ماجیدی گوڵ سۆلاف بە ئازایەتییەکی زۆرەوە خۆی دەخزێنێتە ناو بارۆنەکان*، بۆئەوەی بچێتە بنجوبنەوانی کوشتنی کارەکتەری موراد‌ی چینی و باران شوکر و بە نهێنی تەرمی باران شوکر لە گۆڕێکی نهێنی ناو گەڕەکی نوێمیران بۆ کەسوکارەکەی بێنێتە دەرەوە. بۆ ئەم ئامانجەش کارەکتەری ماجید لە ڕێگای ناسینی کارەکتەری میر سەفین یان بارۆنی بووکەشوشەوە کارێک لە نوێمیران پەیدا دەکات، ئەویش بریتییە لەوەی، وەکو مامۆستا، شەوانە حەکایەت بۆ منداڵی بارۆنەکان لە گەڕەکی نوێمیران بگێڕێتەوە، هەروەک بارۆنی بوکەشوشە لەبارەی کارەکەی پێی دەڵێت: ((«**ماجید سۆلاڤ، ئیشەکەی تۆ شتێکی قورس نییە، دەبێت حیکایەت بۆ کچ و کوڕێکی منداڵ بگێڕیتەوە. یەکێکیان کچی بارۆنی سێبەرە و ئەوی دییان کوڕی بارۆنی مەیکەدەیە. من دەمێ وەختە ئاگادارم، منداڵەکان هەر دووکیان غەمۆکی و بێکەسن، ئەم نوێمیرانە مەلعونە بۆ منداڵان جێگایەکی خۆش نییە. بۆ پیاوان خۆشە، بۆ ژنان بەهەشتە، بەڵام بۆ منداڵان نا، جێگایەکی خۆش نییە. ئێستاش نازانم چ شتێک منداڵان دڵخۆشدەکات؟ گەرچی بیست ساڵە بوکەشوشە فرۆشم و گەورەترین بازرگانی یاری منداڵانم، بەڵام ئێستاش بە ڕوونی لە دڵی منداڵان تێناگەم.**))(غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، ٢٠٠٨، ٢٩١).

سەرەتا كارەكتەری ماجیدی گوڵ سۆلاف هەر شەوێك دوو حەكایەت بۆ دوو منداڵ بەناوی (نەونیگا و سیوان) دەگێڕێتەوە، لە ماوەیەكی كەمدا حەكایەتەكانی لە نوێمیران دەنگدەداتەوە، دواتر دەبێتە حیكایەتخوانی منداڵی هەموو بارۆنەكان. بۆیە لە سۆنگەی كارەكتەری (ماجیدی گوڵ سۆلاف)ەوە حەكایەت دەگاتە نێو دەقی ڕۆمانەكە و لەگەڵی بەیەكدادەچێت. بەمچەشنە حەكایەت بە خاسیەتە تایبەتمەندییەكەی خۆیەوە لە رۆمانەكەدا بەر زەینی خوێنەر دەكەوێت. ئەمەش دوای ئەوەی لە میانەی گێڕانەوەی حەكایەت بۆ منداڵەكان، لە نوێمیران كچێكی شۆخ بەناوی (تیشكان تاهیر) خۆی بە (ماجیدی گوڵ سۆلاف) دەناسێنێت و پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوانیاندا دروست دەبێت.

كارەكتەری لاوەكی (تیشكان تاهیر) لەناكاو ڕۆژێك دەچێتە ماڵی (ماجیدی گوڵ سۆلاف)و ئەویش هەر زوو هەست بە ئامانجی هاتنی ئەو كچە بۆ ماڵەكەی دەكات، هەروەك ماجید بە (تیشكان) دەڵێت: **((تیشكان لەوانەیە من زۆر ئەزموونم نەبێت، بەلام پیاوێكی بێعەقڵ نیم، دەزانم تۆ لە چ دنیایەكەوە هاتوویت بۆ لای من))** (غەزەلنوس، ٢٠٠٨، ٥٣٢) .

لەم سەردانەدا كارەكتەری (تیشكان تاهیر)، داوای گێڕانەوەی حەكایەتێك لە (ماجیدی گوڵ سۆلاف) دەكات، ئەویش بە وریاییەوە حەكایەتێك بە بەرگێكی نوێی هێماگەری لە بارەی هزرینی ملكەچ نەكردن و نەچەمین و هەوڵی زۆری ئەسپناسێكی شارەزا لە هەمبەر ئەسپێكی یاخی بۆ كارەكتەری (تیشكان) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: **((هەبوو نەبوو لە شارێكی ئەم دونیا گەورەیەدا ئەسپناسێكی زۆر شارەزا هەبوو، حەزیدەكرد هەموو ئەسپی جوانی دونیا هی خۆی بن، بەوەدا زۆر لە دەستەمۆكردنی ئەسپی كێویدا شارەزابوو، دەیتوانی كێویترین ئەسپ ڕامبكات و جڵەوی بكاتە مل، ئەو ئەسپبازە بە جۆرێك شارەزابوو، بەجۆرێك لە هونەری جڵەوكردندا لێزان بوو، هیچ كەس لە دونیادا نەیدەوێرا گومان لە توانای بكات، هەر كەسێك گومانی هەبووایە ئەو دەییوت بڕۆ كێویترین و ناڕامترین ئەسپی دونیام بۆ بهێنە تا بۆتی دەستەمۆبكەم. هەر كەسێك ئەسپی زۆر سركی هەبایە كە**

هەرگیز دەستەمۆنابێت، دەینارد بە دوای ئەو مامۆستایەدا. ئەسپێکیش چییە لە دونیادا لە دەستی دەرنەچووبوو. ڕۆژێک ئەسپناسێکی دیکەی وەک خۆی و مەیتەرێکی دۆستی هاتە لای و هەواڵی ئەسپێکی لە کێڵگەی یەکێک لە ئەسپدارە ناودارەکانی وڵاتەوە بۆهێنا، ئەسپێک بە هیچ مەیتەر و ڕامچییەک دەستەمۆ ناکرێت و ڕاناگیرێت و سمکۆڵانی هێور ناکرێتەوە. مامۆستای گەورەی ڕامکردن کە تا ئەو کات جڵەوی لە ملی هەزاران ئەسپ کردبوو، ئەم هەواڵە دڵخۆشیکرد. مامۆستا پێیوابوو هەلێکی گەورەی دەستکەوتووە هونەری خۆی تاقیبکاتەوە و توانای خۆی بەڕاستی بسەلمێنێ. بەرەو کێڵگەی ئەو ئەسپە کێوییە ڕۆیشت و بەتەمابوو هەر زوو بە خۆی و مەدالیایەکی دیکەی دەستەمۆکردنەوە بگەڕێتەوە.)) (غەزەلنوس، ٢٠٠٨، ٥٥٩).

(ماجیدی گوڵ سۆلاف) بەبێ پچڕان لە گێڕانەوەی حەکایەتە هێماگەرییەکەی سەبارەت بە ڕام نەبوون و ملکەچکردنی ئەسپەکە و نائومێدی ئەسپناسە پسپۆڕەکە بەردەوام دەبێت، کە دەلالەت لە مرۆڤی یاخی دەکات، هەروەک لە درێژەی حەکایەتەکەدا دەڵێت: ((مامۆستاکە دەگاتە شوێنی نیازی خۆی و لەوێ تەماشادەکات، ئەسپێکی سپی سەرکەش دەبینێت کە یاڵێکی چڕ و ئاوریشمینی هەیە. ئەسپێک هێند بۆنی مەیتەر و هەناسەی مرۆڤی بەسەردا دەچێت، وەک شێت دەکەوێتە سمکۆڵان و کوڕژن و بازبازێن و جووتە. ئەسپبازی شارەزا کە واحیسابدەکات هیچ ئەسپێک لەسەر زەویدا نییە ئەو نەتوانێت ڕامیبکات، چەند ڕۆژ و چەند هەفتە دەکەوێتە هەوڵی نەرمکردن و هێورکردنەوەی ئەو ئەسپە شێتە و سوودی نییە. سەختی ئیشەکە و جوانی ئەسپەکە وەها دەچنە دڵی ڕامچییەکەوە بڕیاردەدات ژیانی خۆی بۆ دەستەمۆکردنی ئەو ئەسپە تەرخانبکات، بە نرخێکی بەرز ئەسپەکە لە خاوەنی دەکڕێت و بە فەلاکەت بەرەو ماڵ و کێڵگەی خۆی دەیگوازێتەوە و لە سەر زەوی و مەزرای خۆی بەرەڵای دەکات. ڕۆژان دێن و ڕۆژان دەڕۆن، مانگان و ساڵان تێدەپەڕن و ئەو پیاوە هەموو هونەری خۆی و هونەری ئەسپبازانی تر بەکاردەهێنێت و ئەو ئەسپەی بۆ دەستەمۆ ناکرێت... دوای چەند ساڵ ئیش دەگاتە ئەو بڕوایەی

**هەندێک ئەسپ هەن هەرگیز دەستەمۆنابن، مرۆڤێک نییە بتوانێت زینیان بکات و جڵەویان ئاسان ڕاکێشێت و بەو ڕێگایەدا بیانبات کە ئەو دەیەوێت، ئیدی تفەنگەکەی هەڵدەگرێت و لە گەرمەی نائومێدیدا ئەو ئەسپە سپییە دەکوژێت... مەیتەرچی شارەزا کە عەشقێکی زۆری ئەسپی لە دڵدایە، پێیوایە تاکە ڕێگایەک بۆ ئەوەی خۆی بژی و ڕەنجی مانای هەبێت، ئەوەیە ئەو ئەسپە بکوژێت. هەموو ئەو ئەسپانەی کە دەستەمۆنابن دەبێت بکوژرێن))** (غەزەلنوس، ٢٠٠٨، ٥٥٩ ـ ٥٦٠).

لەم حەکایەتەدا ڕۆماننووس بەکارهێنانی هێزی زەبروزەنگ لە میانی ئەسپناسێکەوە دەخاتەڕوو، کە تێیدا ئەسپناسەکە کاتێک هەموو توانا و هێز و لێزانییەکانی خۆی تاقی دەکاتەوە و ناتوانێت ئەسپە سپییە یاخییەکە ڕام بکات و دواجار شکست دێنێت، بۆ داپۆشتنی شکستەکەی بە گرتنەبەری ڕێگای کوشتن، ئەسپەکە لە خەیاڵی خۆی دەسڕێتەوە و دەکوژێت، بەمەش لە حەکایەتەکەدا وێنەی دڵڕەقی هێزی زەبروزەنگ بەسەر هێزی یاخیبوون و ملکەچنەبوون بە ڕوونی نیگار کراوە. لەپاڵ ئەمەشدا، ئەو حەکایەتە ئەوە دەسەلمێنێت، کاتێک مرۆڤی بە زەبروزەنگ ناتوانێت دەست بەسەر شتێکدا بگرێت، ئەوا دەست بۆ وێرانکاری دەبات. ئەم مرۆڤە بە زەبروزەنگانەش هەر پێگەیەکیان لەناو کۆمەڵگە هەبێت، زەبروزەنگ دروست دەکەن، هەربۆیە، بە مرۆڤی ترسناک لەقەڵەم دەدرێن بەرامبەر بە مرۆڤ و گیاندار و ژینگە.

بە یەکداچوونی ئەم حەکایەتە لەگەڵ ڕۆمانەکەدا، زیرەکی ڕۆماننووس دەردەخات لە بەکاربردنی حەکایەتێک، کە تێیدا بەشێوەیەکی هونەری و ئەدەبی پەیامێک لە حەکایەتبێژێکی وەکو (ماجیدی گوڵ سۆلاف) ئاراستەی کارەکتەری بارۆنی خەیاڵ دەکرێت کە لە پشت دەرکەوتنی (تیشکان تاهیر) بەدی دەکرێت، کاتێک بارۆنی خەیاڵ کارەکتەری (تیشکان تاهیر)ی وەک هەواڵگر بەکارهێناوە بۆئەوەی دەست بەسەر خەیاڵی جوان و داهێنەرانەی (ماجید) دا بگرێت و ئەو هێزە ئەفرێنەرە بخاتە ناو پرۆژەکانی خۆی و سوود لە هێزی خەیاڵی جوانی ئەو حەکایەتبێژە وەربگرێت، بەڵام (ماجید) لە ڕێگەی ئەم حەکایەتەوە، ئەو کەسەی (تیشکان تاهیر)ی ناردووە بە تەواوی

تێدەگەیەنێت کە ئەم لەو کەسانە نییە بیخەنە خزمەتکردنی پرۆژەکانی خۆیان و ڕام و دەستەمۆی بکەن. بەمەش دەردەکەوێ هێنانەوەی ئەم حەکایەتە لەناو ڕۆمانەکەدا جگە لەوەی هارمۆنیایەکی ئیستاتیکی بە ڕۆمانەکە بەخشیووە، بە ڕوونی دەردەکەوێ ڕۆمانەکە بەرخوردێکی هونەری لەگەڵ دەقەکەدا کردووە و وزەی لە حەکایەتەکە وەرگرتووە. بەم شێوەیە، ڕۆماننووس لە ڕێگەی دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکانەوە دەرفەتی بە حەکایەت داوە لەناو بونیاتی ڕۆمانەکەیدا بە بەرگێکی نوێ دەربکەوێت و گوزارشت لە تێمایەکی نوێی نێو سەردەمی ئەمڕۆ بکات و پەیامێکی ناڕاستەوخۆ بۆ گوێگری حەکایەتەکە لەدوورەوە بنێرێت. هەروەک لەم هێڵکارییەدا ڕوون کراوەتەوە:

نێرەر ← کەناڵ ← وەرگر
نێرەر (ماجیدی گوڵ سۆلاڤ) ← ناردنی پەیام (حەکایەتی ملکەچنەکردن و نەچەمین) ← کەناڵ (تیشکان تاهیر) ← وەرگر (بارۆنی خەیاڵ).

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە (بەختیار عەلی) لە ڕۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)دا، هونەرکارییەکی زۆری لە بەیەکداچوونی حەکایەت و ڕۆمان بەکارهێناو، بەوەی ئامانجێکی جوانیناسانەی لە ڕووی تەکنیکییەوە لە پشت حەکایەتەکە حەشارداوە تێیدا بە بەرگێکی نوێی هێماگەری گوزارشت لە کەسایەتی ڕوناکبیری سەربەخۆ و مرۆڤی یاخی و هزرینی (نەچەمین) بەرامبەر بە هێزی زەبروزەنگ دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بۆ گێڕانەوەی حەکایەت بردووە و دوو سەردەمی کۆن و نوێی بەیەک گرێداوە و کەڵکی لە شێوازی نووسینی ڕۆمانووسانی ئەمریکای لاتینی وەرگرتووە، ((پەنابردنی ڕۆماننووسانی کورد بۆ دەقی فۆلکلۆری کوردی و جیهانی بەشێکی لەژێر کاریگەری ڕۆماننووسانی ئەمریکای لاتینیدا بووە. ڕۆماننووسانی ئەو کیشوەرە بەوە ناسراون، کە زۆر بایەخیان بە فۆلکلۆری

خۆیان و فۆلکلۆری جیهانی داوە و لە ڕۆمانەکانیاندا بە شێوەیەکی نویێ و بۆ مەبەستێکی نوییان مەزراندووە.)) (ئەڵوەنی، ٢٠١٢، ١٤٠) بەم ڕەنگە ڕۆماننووس توانیویەتی بەشێکی گرنگ لە بونیاتی ڕۆمانەکەی بە حەکایەت ڕەنگرێژ بکات. لەگەڵ ئەمەشدا، بەیەکداچوونی هەردوو دەقی حەکایەت و ڕۆمانەکە واتایەکی گونجاوی تێدا بەرجەستەدەبێت، کە بە دیوێک ماجیدی گوڵ سۆلاف بە گێڕانەوەی ئەم حەکایەتە هەست بە سەربەخۆیی خۆی دەکات و واتا و ئاماژەکانی ناو حەکایەتەکە جێگیر دەکات، بەدیوەکەی دی خواستەکانی بارۆنی خەیاڵ ڕەت دەکاتەوە. جگە لەمەش، زمانی پڕچێژ و جوانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە خۆی بەسەر زمانی سادەی گێڕانەوەی حەکایەتەکەدا سەپاندووە و جوانیی بە حەکایەتەکە بەخشیووە و ئاستی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی بەرز کردووەتەوە. بەمشێوەیە دواجار بەیەکداچوونی حەکایەت و ڕۆمان لەسەر ئاستی شێوازی کۆکردنەوە هاتۆتەئاراوە، کە تێیدا پێکهاتەی واتایی و پرۆسێسی دروستکردنی مانا و پێکهاتەی هونەری حەکایەت بە شێوەیەکی هارمۆنی تێکەڵ بە بونیاتی ڕۆمانەکە بووە و خوێنەریش بە ئاسانی تایبەتمەندێتییەکانی حەکایەتەکە لە بونیاتی ڕۆمانەکەدا دەدۆزێتەوە.

جگە لەم حەکایەتە، بەختیار عەلی، هەر لەم ڕۆمانەدا، حەکایەتێکی دیکە ئاوێتەی دەقەکە دەکات، کاتێک کارەکتەری (تیشکان تاهیر) جارێکی دی سەردانی (ماجیدی گوڵ سۆلاڤ) لە ماڵەکەی دەکات. لەوێ، فێڵبازانەو لیپۆکئاسا، داوای گێڕانەوەی حەکایەتێکی دیکەی لێ دەکات. ئیدی جارێک خۆی و جارێک وەگێڕی هەمووشتزان لە دەقەکەدا دەنگیان دەبیسترێت، سەرەتا تیشکان تاهیر دەڵێت: ((**هاتووم حیکایەتێکم بۆ بکەیت، خەوم لێبکەوێت ... من چەند شەوە تێر نەخەوتووم. هاتە سەر جێگاکەم و لەسەرەخۆ لەسەر پێخەفەکەم پاڵکەوت و ووتی «حیکایەتێکی خۆش بۆ کچێکی وەکو من دەستبدات»**)) (غەزەلنوس، ٢٠٠٨، ٥٣٢) .

بەم شێوەیە دەبینین (ماجیدی گوڵ سۆلاڤ) جارێکی دی حەکایەتێکی درێژ لەبارەی (کچێکی میرزادە و بولبولێک) بۆ هەریەک لە وەرگر و

کارەکتەری (تیشکان تاهیر)ی بۆگێڕەوە دەگێڕێتەوە، بەمەش حەکایەت ئاویتەی پێکهاتەی ڕۆمانەکە دەبێت کاتێک (ماجیدی گوڵ سۆلاف) دەڵێت: **((منیش بە هێواشی لە تەنیشتییەوە دانیشتم و دەستێکی بچوکم بە قژیدا هێناو حیکایەتێکی درێژم بۆ کرد دەربارەی کیژە میرزادەیەک کە خاوەنی سەدان ماڵ و باغ و کۆشکی گەورەیە، کۆشکەکان هەموو شتێکی جوانی دونیایان تێدایە، هەموو جۆرە زێڕ و یاقووت و مەرجانێک، سەدان خزمەتکار و بەردەستی هەیە، ئەمیرەکان لەملاولای دونیاوە پەیتا پەیتا بۆ خوازبێنی ئەو دێنە بەر دەربار، بەڵام کچەکە بەهیچ شتێک دڵی خۆش نییە و بەردەوام دەگری، چونکە هێند دەوڵەمەندە نازانێت حەز لە چی بکات ... ئەوەندە زەنگینە هەر شتێکی لە دونیادا بوێت دەتوانێت بە ئاسانی پەیدایبکات. ڕۆژێک لە ماڵ دێتەدەرێ و دەیەوێت بەدوای شتێکی عاسی و سەختدا بگەڕێ کە پەیداکردنی قورس بێت، دەیەوێت لە دونیادا شتێک بدۆزێتەوە کە بۆی نەبێت و نەتوانێت بیکڕێت و بیکات بە موڵکی خۆی تا لەزەتی پەیداکردن و کڕینی شتی سەخت و ناوازە بچێژێت ... چەند شار دەگەڕێت و چەند زەمین تەیدەکات، لە هەر جێگایەک هەر شتێکی بەدڵ بێت دەیکڕێت و هەر ئادەمیزادێک مەبەستی بێت دەیکات بە ئیشکەری خۆی))** (غەزەلنوس، ٢٠٠٨، ٥٣٢).

(ماجیدی گوڵ سۆلاڤ) لە درێژەی گێڕانەوەی حەکایەتی کچە میرزادەکە ئاماژە بە خەیاڵی داهێنەرانەی کوڕێکی هەژار دەکات، کە دەبێتە خاڵی وەرچەرخانی ژیانی کچە میرزادەکە، ئەمەش دوای ئەوەی کچە میرزادەکە هەموو دونیا دەگەڕێت **(( تا ڕۆژێک دەگاتە ماڵێکی لاتەریک و شوێن چەپەکی سەر دووڕیانێکی گەورە، لەدەرەوە گوێی لە دەنگی بولبولێکی ئێجگار سیحراوی دەبێت، بولبولێکی دەنگخۆش و بێوێنە. کە دەچێتە ژوورەوە تەنیا گەنجێکی جوان دەبینێت کە لە بەر پەنجەرەیەکدا وەستاوە و وەک بولبول دەخوێنێت. کچەکە کە ڕاهاتووە هەموو شتێکی دونیا بکڕێت، بە کوڕەکە دەڵێت «دەتوانم ئەو بولبولەت لێبکڕم کە دەخوێنێت؟». کوڕەکە داوەتی کیژە ئەمیرەکە دەکات و دادەنیشێت، لەسەرەخۆ حیکایەتی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە و**

**پێیدەڵێت ئەو بولبولە تاکە شتێکی دونیایە کە ناکڕدرێت و نافرۆشرێت، چونکە ئەو بولبولە هیچ نییە جگە لە تەیرێکی خەیاڵی کە بە دەیان ساڵ ئیش لە سەری خۆی و گەروی خۆی و ڕۆحی خۆیدا دروستیکردوە. ئەوە شتێکە نافرۆشرێت و ناکڕدرێت. کیژەکە شەیدای ئەوە دەبێت ئەو بولبولە بکڕێت و بیکات بە موڵکی خۆی، هێدی هێدی دەکەوێتە سەوا و مامەڵە لەگەڵ ئەو کوڕەدا و سوودی نییە، نیوەی کۆشکەکانی خۆی دەداتێ بەرابەر ئەو بولبولە و سوودی نییە، سێ بەشی کۆشکەکانی دەداتێ و سوودی نییە، هەموو سامان و ماڵی خۆی دەداتێ و سوودی نییە، خۆشی پێدەبەخشێت هەر بێسوودە. دواجار کە کیژەکە وەختە دەگاتە شێتی، کوڕەکە پێیدەڵێت «خانم من ساڵەهای ساڵە دەزانم ڕۆژێک دێت تۆ دێیت و بۆ ئەو شتە دەگەڕێیت کە ناتوانیت دەستت پێیبگات. بۆئەوەی تۆڵەی ئەو هەموو نەدارییەی خۆم بکەمەوە شتێکم دروستکرد کە تۆ هەرگیز ناتوانیت بیگریت و بیکڕیت و ببیتە خاوەنی ... ئەوە جیاوازی نێوان سامانی من و سامانی تۆیە، من شتێکم هەیە کە تۆ ناتوانیت ببیتە خاوەنی، بەڵام تۆ شتێکی وەهات نییە، خەڵکی تر نەبنە خاوەنی. خانم شتە خەیاڵییە جوانەکان بە تۆ ناکڕدرێت و ناتوانیت تۆ بیکەیت بە موڵکی خۆت، خانم هەمیشە شتێک لە دونیادا هەیە تۆ ناتوانیت داگیری بکەیت، حیکمەتی خوێندنی ئەو بولبولە خەیاڵییەی من ئەوەیە. ئەوە بولبولێکە دەتکوژێت و پێیناگەیت». ئا بەوجۆرە کیژە زەنگین و سامانداره‌کە تووشی دەردێکی کوشندەبوو، بۆ هەر کوێیەک دەچوو دەنگی ئەو بولبولە لە ناوەوە دەیخوارد و لەسەریدا دەزرینگایەوە ... تا دواجار شێتی و حەسرەت بڕستیان لێبڕی و دوای چەندین مانگ نەخۆشی سەخت گیانی سپارد و هەرگیز جارێکی دی بە بیستنی سەدای ئەو بولبولە سیحراوییە شادنەبوو»))**
(غەزەلنوس، ٢٠٠٨، ٥٣٢ـ ٥٣٣).

لەم حەکایەتەدا ڕۆماننووس بەراوردی هێزی هونەر لە میانی کوڕێکی زەنگین بە وزەی هونەر و هونەرمەندێتی لەگەڵ کچێکی میرزادەی دەوڵەمەند بە موڵک و سامان دەکات. حەکایەتەکە ململانێی نێوان دەسەڵاتی هونەر و دەسەڵاتی موڵک و سامانی تێدا بەرجەستەیە. کچەمیرزادەکە گوزارشت لەدەسە

ڵاتی سەروەت و سامان دەکات و دەسەڵاتی هونەریش لای کوڕەکە لەباڵندە دەنگۆشەکەدا بەرجەستەیە. کاتێک کچە میرزادەکە ناتوانێت باڵندە دەنگخۆشە کە بکڕێ، بەواتایەکی دی، ناتوانێت دەسەڵاتی بەسەریدا بسەپێنێ، بەمەراقە وە سەر دەنێتەوە، چونکە هەموو هەوڵێکی بۆ دەرکردنی ئەو باڵندە دە نگخۆشە لەخولیا و خەیاڵی خۆی، دواجار، بێهوودە دەبێ. بەمەش لە حەکایەتەکەدا بەختیار عەلی وێنەی سەرکەوتنی دەسەڵاتی هونەر بەسەر دەسەڵاتی میرایەتی وێنە دەکێشێت.

بەیەکداچوونی ئەم حەکایەتانەش بە ڕۆمانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ وەنەبێ بێکاریگەری بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان تێپەڕن، بەڵکو کاریگەری گەورە بەسەر پەیوەندی نێوان کارەکتەرەکان بە تایبەتی پەیوەندی نێوان تیشکان تاهیر و بارۆنی خەیاڵ و ماجیدی گوڵ سۆلاف بەجێدێڵن. لەئە نجامدا ڕووداوەکان بەرەو ئاڕاستەیەکی ترسناک دەبەن، بە تایبەتی کاتێک بارۆنی خەیاڵ تێدەگات، کە ماجید نابێت بە بەشێک لە پرۆژەکانی و ملکەچی داواکارییەکانی نابێت. بۆیە، بەدیوێکدا تۆمەتی بەدمۆڕاڵی بۆ دروست دەکات، بەدیوێکی دیکەشدا بەهۆی گێڕانەوەی ئەم حەکایەتانەوە، دواجار، بارۆنی خەیاڵ لە ماجید نائومێد دەبێت، وەک کەسێکی ترسناک لێی دەڕوانێت و لەسەر ڕەهەندی قووڵایی ماناکانی حەکایەتەکە بەندی دەکات، چونکە پرۆسێسی دروستکردنی مانا لەم حەکایەتانە لەسەر بنەمای یاخیبوون و چەمکی نەچەمین هەڵچنراوە. ئەمەش لەو گفتوگۆیەدا، کە دەربارەی پەیامی حەکایەتەکە دەکرێت و بەهۆیەوە ماجید بەند دەکرێت. بارۆنی خەیاڵ لە گرتووخانە ڕوو لە ماجید دەکات و پێیدەڵێت: **((ئەو کاتەی ئەو دوو چیرۆکەت بۆ تیشکان گێڕایەوە، دەتزانی ئەو چیرۆکانە دەگەنەوە لای من؟))** (غەزەلنوس، ٢٠٠٨، ٥٧٤) لێرەدا سەرەداوی گێڕانەوە دەگوازرێتەوە بۆ لای ماجیدی گوڵ سۆلاف و لە وەڵامدا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (( **سەرو ڕوخساری بارۆنم گەلەک گەرم و نائاسایی هاتە بەرچاو، پێدەچوو بارۆن تایەکی قورسی هەبێت گووتم «جەنابی بارۆن دەمزانی دەگاتە بارۆنەکان، بەڵام نەمدەزانی دەگاتە کێ». بە توڕەییەوە گووتی «ویستت بڵێیت ناتوانین ئەو**

**باغە خەیاڵیانە ببینین کە لە ڕۆحتدایە، ناتوانین دەستەمۆتبکەین، ناتوانین لە جیهانی تۆ نزیکببینەوە، تۆ لە دونیایەک و ئێمە لە دونیایەکی تردایین؟». بێئەوەی دوودڵبم گووتم «ئەگەرچی من باغی خەیاڵیم نییە وەک جەنابتان دەفەرموون. بەڵام بەڵێ، جەنابی بارۆن... بەڵێ، ویستم وابڵێم»))** (غەزەلنوس، ٢٠٠٨، ٥٧٤).

بەم شێوەیە، ئەم دوو حەکایەتە پێگەیەکی گرنگیان لەناو ڕۆمانەکەدا هەیە و بەیەکداچوونێکی بەهێزیان لە ڕووی دارشتنی مانا و دارشتنی هونەری ڕۆناوە بۆ وێنەکێشانی دوو دونیای جیاواز، کە بریتین لە دونیای دە سەڵاتداری ڕۆژگار و دونیای هونەر و رووناکبیری و خەیاڵکردن، کە خەون و خولیاکانیان بەیەک ناگەن، چونکە هەردووکیان تایبەتمەندی دونیای تایبەت بە خۆیان هەیە. بەم شێوەیە، دەردەکەوێت حەکایەت لە ڕۆمانەکەدا هەر تەنیا بۆ خۆشی نەخراوەتەڕوو، بەڵکو وەک هێزی ڕزگارکار و فریادڕەس لە ڕۆمانەکەدا وێنە کێشراوە و بەیەکداچوونی ئەم حەکایەتە بە ڕۆمانەکە لە چوارچێوەی دروستکردنی مانا و بونیاتە هونەرییەکەوە، هارمۆنییەکی جوانی تێدا بەرجەستە دەبێت. بێجگە لەمەش، ئیستاتیکایەکی سەرنجراکێشی بە دەقەکە بەخشیوە، چونکە سەردەمەکان تێیدا بەشێوازێکی هونەری دەگۆڕێ، کاتێک خوێنەر ئەم حەکایەتانە لەناو ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە، وچانێک لەناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکە وەردەگرێت و دەپەڕێتەوە بۆ ناو دونیای حەکایەت و ئاوێتەی کەشێکی جوانی نێو ڕۆژگارێکی دێرین و جیاوازتری سەردەمی واقیعی مۆدێرنی نێو ڕۆمانەکە دەبێت. لە ئەنجامدا دەقەکە واتا و دەلالەتێکی نوێ وەردەگرێت.

بەم شێوەیە، ڕۆماننووس دوو حەکایەتی ئاوێتەی ڕۆمانەکەی کردووە، کە تێمای هەریەک لە حەکایەتەکان بەدوو مەبەستی جیاواز خراونەتەڕوو و دوو ئاکامی جیاوازیان هەیە، لە حەکایەتی یەکەمدا، بکەر، کە ئەسپناسەکەیە، ئەسپە یاخیبووەکە دەکوژێت، کەچی لە حەکایەتی دووەمدا، بکەر، کە کچە میرزادەکەیە، خۆی دەکوژێت. لە چوارچێوەی هەردوو حەکایەتەکەشدا کارەکتەری ماجید لە ڕێگای گێڕانەوەی حەکایەتەوە پەیامی خۆی ئاراستەی

بەرامبەرەکەی دەکات.

بەم چەشنە، بەیەکداچوونی ژانری حەکایەت و ڕۆمان لەسەر ئاستی شێوازی کۆکردنەوە لە ڕۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)، بەشێوەیەکی داهێنەرانە لەلایەن بەختیار عەلی ڕۆماننووسەوە بەرخوردی لەگەڵدا کراوە و حەکایەت بە شێوەیەکی هارمۆنی ئاوێتەی پێکهاتەی دەقەکە بووە و لەنێو کەشێکی ئیستاتیکییدا تەشویق و چێژی خوێندنەوەی لای خوێنەر شیرینتر کردووە، دواجار لەسەر ئاستی مانا، دەلالەتی یاخیبوون و ملکەچنەکردنی گەیاندووە.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- ژانری ڕۆمان خودان فۆرمێکی کراوەیە، لە توانایدایە ژانرە ئەدەبییەکان وەک ئامرازێکی هونەری لەناو قەوارەکەیدا، بەبێ هیچ بەربەستێک لەخۆبگرێت، ئەمەش لەپێناو هێنانە ئارای بەرهەمێکی تازە لەسەر بنەمای بەزاندنی پەرژینی نێوان ژانرەکان و بە هونەریکردنی زیاتری ڕۆمانەکە و لەزەت بەخشینی ئیستاتیکی بە خوێنەر و ڕۆنانی داهێنان لە نێو فەزای دەقدا، ڕۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ) ی بەختیار عەلی یەکێکە لەو ڕۆمانانەی لەسەر بنەمای بەیەکداچوونی ژانرەکان هەڵچنراوە و چەندان حەکایەت ئاوێتەی ڕۆمانەکە بووە، ئەم حەکایەتانەش کاریگەرییان بەسەر کۆی دەقەکە بەجێهێشتووە و ئستاتیکایەکی سەرنجڕاکێشیان بە ڕۆمانەکە بەخشیووە.

٢- بەختیار عەلی لە حەکایەتی (ئەسپناسە شارەزاکە)دا رابردوویەکی دوور و زەمەنێکی کۆنی نێو حەکایەت و ژیانێکی نوێی نێو سەردەمی تازە ئاوێتەی یەکتر دەکات. لە میانەی ئەم حەکایەتەدا هێزی زەبروزەنگ بە لێهاتوویی ئەسپناسێک دەچوێنێت و بەراوردیان بەیەک دەکات، کە تێیدا ئەسپناسەکە کاتێک هەموو توانا و هێز و لێزانییەکانی خۆی تاقی دەکاتەوە و ناتوانێت ئەسپە سپییە یاخییەکە ڕام بکات و دواجار شکست دێنێت، ئەوا بۆ

داپۆشتنی شکستەکەی بە گرتنەبەری ڕێگەی زەبروزەنگ و کوشتن، ئەسپەکە لە خەیاڵی خۆی دەسڕێتەوە. بەمەش، لە حەکایەتەکەدا وێنەی دڵڕەقی هێزی زەبروزەنگ بەسەر هێزی یاخیبوون و ملکەچ نەکردن بە ڕوونی خراوەتەڕوو. بەم ڕەنگە، ڕۆماننووس لە ڕێگەی ئەم حەکایەتەوە پرسی یاخیبوونی ماجیدی گوڵ سۆلاڤ و خواستەکانی بارۆنی خەیاڵ تێکهەڵکێشی یەکتر دەکات.

٣- لە حەکایەتی (کچە میزادە و بولبولەکە)دا ڕۆماننووس حەکایەتێکی کۆنی هێناوەتەوە و بەراوردی هێزی هونەر لە میانی کوڕێکی بەهرەمەند بە وزەی هونەر و هونەرمەندێتی لەگەڵ کچێکی میرزادەی دەوڵەمەند بە موڵک و سامان دەکات، تێیدا کچە میرەکە کاتێک دەسەڵاتی بەسەر باڵندە دەنگخۆشەکە و هێزی خەیاڵدا ناشکێت و ناتوانێ دەستەمۆی بکات و بەدەستی بێنێت، لە هەمان کاتدا ناشتوانێت لە خولیا و خەیاڵی خۆی دەری بکات، دواجار بەو مەرەقەوە سەردەنێتەوە و دەمرێت، بەمەش، لە حەکایەتەکەدا بەختیار عەلی وێنەی سەرکەوتنی دەسەڵاتی هونەر بەسەر دەسەڵاتی میرایەتی وێنە دەکێشێت. بە هەمان شێوە ڕۆماننووس ویستوویەتی وێنەی یاخیبوونی کارەکتەری ماجیدی گوڵ سۆلاف بە سەردەمی نوێی ناو ڕۆمانەکە گرێ بدات، بەوەی ماجید ناچێتە ناو پرۆژەکانی بارۆنی خەیاڵ و سەر بۆ داواکارییەکانی دانانەوێنێت. ئەمەش درێژەدانە بە ململانێی نێوان ڕووناکبیران و دەسەڵاتی بارۆنەکان.

٤- هەردوو حەکایەتی (ئەسپناسە شارەزاکە) و حەکایەتی (کچە میزادە و بولبولەکە)، پێگەیەکی گرنگیان لەناو ڕۆمانەکەدا هەیە و بەیەکداچوونێکی بەهێزیان لە ڕووی دروستکردنی مانا و داڕشتنە هونەرییەکەی ڕۆمانەکە) ڕۆناوە بۆ وێنەکێشانی دوو دونیای جیاواز، کە بریتین لە دونیای دەسەڵاتداری ڕۆژگار و دونیای هونەر و ڕووناکبیری و خەیاڵکردن، کە خەون و خولیاکانیان بەیەک ناگەن.

٥- بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا توانیویەتی بەشێکی گرنگ لە ڕۆمانەکەی بە دوو حەکایەتی هێماگەر

گوزارشت لە یاخیبوون ڕەنگڕێژ بکات و بە حەکایەت گوزارشت لە تێمایەکی سەرەکی ڕۆمانەکەی بکات و ئیستاتیکایەکی سەرنجڕاکێش بە پرۆسەی گێڕانەوە بدات. بەم شێوەیە، دەبینین بەیەکداچوونی حەکایەت و ڕۆمان لەسەر ئاستی شێوازی کۆکردنەوە لە ڕۆمانەکەدا هاتۆتەئاراوە، کە تێیدا پرۆسێسی دروستکردنی مانا و پێکهاتەی هونەری حەکایەتەکان بە شێوەیەکی هارمۆنی تێکەڵ بە ڕۆمانەکە بوون و خوێنەریش بە ئاسانی تایبەتمەندێتییەکانی حەکایەتەکە لە بونیاتی ڕۆمانەکەدا دەدۆزێتەوە، بەمەش حەکایەتەکان تەشویق بە خوێنەر دەدەن و دواجار لەنێو ڕۆمانەکەدا خوێنەر چێژ لە خوێندنەوەی حەکایەتەکان وەردەگرێت.

**پەراوێز:**

* بارۆن (Baron) لەلای ئەورپییەکان نازناوێکە بۆ چینی ئۆرستۆکراتی بەکاردێت، کە کەسایەتی بەناوبانگ و خانەوادەی ناسراو و خانەدان دەگرێتەوە، واتە بارۆن نازناوێکی ئەرستۆکراتییە لە پاشایەتییە فیۆداڵەکاندا. ئەم پلە لە پلەبەندی فیۆداڵی لە خوار ڤیسکۆنتەوە دێت. لە ئەنجومەنی لۆردەکانی بەریتانیادا نزمترین ئەندامی پلەدارە. سەرچاوەی وشەکە لە زمانی فەرەنسی کۆن لە "بارۆن"ەوە هاتووە، کە بە واتای "جەنگاوەر" یان "ئازاد" دێت. دواتر تێکەڵ بوو و هاوشێوەی وشەی ئینگلیزی کۆن بوو بە"بێرۆن" کە بە واتای "ئاغا" دێت.)).(بارون، ویکیبیدیا، https://ar.wikipedia.org)، کەچی لەم ڕۆمانەدا نازناوی بارۆن بۆ ئەو کارەکتەرانە بەکاردێت کە هەریەکەیان بە شێوەی جیاجیا لە ڕێگەی موڵکداری و بازرگانی و حوکمڕانییەوە وەکو کارەکتەری دەوڵەمەند و میرزادە و میر و بازرگانی گەورە ناوبانگیان پەیدا کردووە، حوکمدەکەن و بەرپرسیاریەتییان لە ئەستۆدایە، بەیەکەوە کار دەکەن و لە گەڕەکێکی تایبەت بە ناوی (نوێمیران) دەژین. (نوێمیران) شوێنێکی داخراوە، جگە لە دەستەیەکی باڵا لە پیاوانی گەورەی خاوەن کۆمپانیا و بەڕێوەبەرە گەورەکان و دەوڵەمەندەکان هیچ کەسێکی دی بۆی نییە بچێتە ناوی. بۆیە، لە ڕۆمانەکەدا دەیان کارەکتەر نازناوی بارۆن بە ئەرک و پیشەی جیاواز بەخۆیانەوە هەڵدەگرن وەکو (بارۆنی خەیاڵ، بارۆنی کولەکە، بارۆنی مریشک، بارۆنی ئارد، بارۆنی سێبەر، بارۆنی مەیکەدە، بارۆنی پۆرسەلان، بارۆنی مەدەنی، بارۆنی تووتی..تاد). ئەم

کارەکتەرانە لە ڕۆمانەکەدا دەسەڵاتی بازاڕیان بەدەستەوەیە و وەک کارەکتەری تەماعکار و نێگەتیڤ لە ڕۆمانەکەدا وێنەیان کێشراوە.

## سەرچاوەکان:

**یەکەم: کتێبەکان**

**أ-کوردییەکان:**


١. ئەڵوەنی، نەجم خالید (پ.ی.د.) (٢٠١٢)، جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریب دا، (لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری — پراکتیکییە)، بەڕێوەبەرایێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٢. ئیزۆپ ١٩٨٢، چیرۆکەکانی ئیزۆپ یان لەناو گیانداران دا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.

٣. حەسەن، حەمە فەریق (٢٠١٠)، مەملەکەتی ماسی ـ حیکایەتی فۆلکلۆری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٤. خەیات، ئاری عوسمان (٢٠١٩)، ڕوانگەی ڕەخنە و ڕوانینی تیۆریی، ، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

٥. ڕەسووڵ، عیزەدین مستەفا (د.) (١٩٧٩)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

٦. ڕەسول، شوکریە (پ.د.) (٢٠٠٥)، حیکایەتی فۆلکلۆریی گیانداران، ڕەمزی مار، چاپخانەی شڤان، سلیمانی.

٧. ڕەشید، فوئاد (د.) (٢٠٠٧)، دەقی ئەدەبی "ئەدگار. چێژ. بەها"، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٨. سەراج، عەبدوڵڵا (٢٠١١)، سلێکوک هۆکلێر، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک، کەرکووک.

٩. سدیق، شاخەوان (٢٠٢٠)، تێگەیشتن لە ڕۆمان (گفتوگۆی شاخەوان سدیق لەگەڵ عەلی عوسمان یاقووب دەربارەی پرسە ئاڵۆز و تەکنیکە جیاوازەکانی ڕۆمان) ، دیداری ئەدەبی، سلێمانی.

١٠.سدیق، شاخەوان (٢٠٢٢)، دانپیانانەکانی ئەدیبێک (گفتوگۆی شاخەوان سدیق لەگەڵ شێرزاد حەسەندا)، دیداری ئەدەبی، لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە، سلێمانی.

١١.سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٠٨)، نەتەوە و حەکایەت، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
١٢.عەلی، بەختیار (٢٠٠٨)، غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
١٣.مەحویی، محەمەدی (پ.د.) (٢٠٢١)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان (مۆرفۆلۆژیی کوردیی)، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
١٤.نەجمەدین، مەحمود (٢٠٠٩)، بەختیار عەلی دەنگی حەقیقەت و مەعریفە، پێنوسێکی زیندوو.

**نامە ئەکادیمییەکان:**

١٥.ابابکر، بەهار صالح (٢٠٢٢)، چەمکەکانی ژیان لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا (چەند بەرهەمێکی کۆکراوەی جەمال گردەسۆری بە نموونە)، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان.
١٦. صوفی، هونەر انور مام (٢٠٢١)، شیکردنەوەی پێکهاتەی حیکایەتی کوردی لەسەر بنەمای تیۆری حیکایەتناسی ڤلادیمێر پرۆپ، ماستەرنامە، زانکۆی سۆران، فاکەلتیی ئاداب.

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

١٧.ئەحمەدزادە، حەیدەر (٢٠٢١)، ژانرە ئەدەبییەکان و ستراتیژی خوێندنەوەیان لە ئەدەبی کوردی دا، بەشی دووەم و کۆتایی، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (٣٤١٤).
١٨.جامباز، طارق (٢٠١٢)، هەقایەت پیربوونی بۆ نییە، گۆڤاری کەلەپوری کورد، ژمارە: (١١)، سلێمانی.
١٩.ڕەحمان، عەبدوللا (د.) (٢٠٢٠)، رۆمان و شیعر، گۆڤاری لێوار، ژمارە (٦)، کانونی یەکەم.

**فەرهەنگ:**

٢٠.عومەر، موحسین ئەحمەد (د.) (٢٠١٢)، فەرهەنگی ئەدەبی، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی.
٢١.موکریانی، گیو (٢٠١٧)، فەرهەنگی کوردستان، کوردی – کوردی، پێداچوونەوە و زێدەکردنی: د. کوردستان موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم.

**ب -عەرەبییەکان**

٢٢.القصراوي، مها حسن (د.) (٢٠٠٨)، نظرية الانواع الادبية في النقد الادبي، نظرية الرواية نموذجا، بحث منشور ضمن أعمال ملتقى: (تداخل الانواع الادبية)، مؤتمر النقد الدولي الثاني العشر، قسم اللغة العربية وآدابها، جامعة اليرموك، المجلد الثاني، اربد- الاردن.

٢٣.باختين، ميخائيل (١٩٨٧)، الخطاب الروائي، ترجمة: محمد برادة، دار الفكر، القاهرة.

٢٤.رشام، فيروز(د.) (٢٠١٧)، شعرية الاجناس الادبية فى الادب العربى – دراسة أجناسية أدب نزار قباني، دار فضاءات للنشر والتوزيع، عمان.

٢٥.نهر، هادي (ا. د.) (٢٠٠٨)، تكامل العلوم اللغوية و تداخل الانواع الادبية، بحث منشور ضمن أعمال ملتقى: (تداخل الانواع الادبية)، مؤتمر النقد الدولي الثاني العشر، قسم اللغة العربية وآدابها، جامعة اليرموك، المجلد الثاني، اربد- الاردن.

٢٦.يقطين، سعيد (٢٠٠١)، انفتاح النص الروائي، النص والسياق، الطبعة الثانية، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء ـ المغرب.

**نامە ئەکادیمییەکان:**

٢٧.ابو مصطفى، احمد محمد (2015)، تداخل الاجناس الادبيه فى القصيدة العراقية المعاصرة، جامعة الاسلامية بغزة، كليه الاداب، قسم اللغة العربيه، رسالة ماجستير.

**گۆڤار:**

٢٨.عروس، محمد (الاستاذ) (٢٠١٢)، من نقاء الجنس الادبي الى تداخل الاجناس الادبية، مجلة الاداب والعلوم الانسانية، جامعة الحاج لخضر باتنة، العدد الثامن، جون.

**فەرهەنگ:**

٢٩. الجرجاني، علي بن محمد الشريف (٢٠٠٤)، التعريفات، تحقيق محمد صديق المنشاوي، دار الفضيلة، مصر.

٣٠.مرعشلي، نديم مرعشلي و اسامة (١٩٧٤)، الصحاح في اللغة والعلوم: تجديد صحاح العلامة الجوهري والمصطلحات العلمية والفنية للمجامع والجامعات العربية، دار الحضارة العربية، بيروت.

**پ -فارسییەکان**

٣١.شمیسا، سیروس (دکتر) (١٣٨٧)، انواع ادبی (ویرایش چهارم)، نشر میترا، چاپ سوم، تهران.

**ج -ئینگلیزی**

32. Oxford Wordpower Dictionary( 2012) (4th Edition), Oxford University Press, UK.

## ملخص البحث

## تداخل الرواية و الحكاية

## في رواية (غزلنوس وحدائق الخيال) ل بختيار علي

ان للرواية شكل مفتوح نظرا لبنيته الموسعة، وأي جنس أدبي يمكن أن يظهر بسهولة داخل بنيتها على مستوى الاندماج أو على مستوى التجميع، بحيث يمكن للأجناس القديمة والجديدة أن تعطي المزيد من الطاقة لتجربة الروائي، يتم التعامل مع تداخل الأجناس الأدبية في نهاية المطاف كأداة فنية في الرواية لإعطائها معنى جديدا والتعبير عن وجهات النظر الجمالية للروائي. لذلك خصصنا البحث ل(تداخل الرواية و الحكاية في رواية_غزلنوس و حدائق الخيال_ل_بختيار علي)،لأن بختيار علي هو أحد الروائيين الأكراد المعاصرين الذين قدموا إبداعاته بذوق مفصل في هذه الرواية واهتموا بتداخل الأجناس الأدبية بشكل عام و تداخل الحكاية في هذه الرواية بشكل خاص،و الذي عرضناه خلال محتوى البحث، بالاضافة الى عرض أهم النتائج و المصادر و ملخص البحث باللغتي العربية و الانجليزية.

**الكلمات الدالة:** تداخل الأجناس، بنية الرواية، الحكاية، الأجناس القديمة، الرواية الكردية.

# Abstract


**Interference of the Novel and the Conte**
**In the novel (The Poem writer and Imagination Gardens) by Bakhtiar Ali**

The novel has free style form and all literary genres can easily emerge within its structure at the level of fusion or at the level of aggregation, so that the old and new genres can add more to the experience of the novelist. The Interference of literary genres is, finally, dealt with as an artistic tool in the novel to give new meaning and express the aesthetic views of the novelist.

Bakhtiar Ali is one of the contemporary Kurdish novelists who presented his literary creations with a detailed taste in this novel and paid attention to the Interference of literary genres. Therefore, this research worked on presenting the Interference between the fable and the novel in the text (The poet and Imagination Gardens- Xezelnus u Bakhekani Kheyal).

In this article, the Interference between the fable and the structure of the novel, explaining its purpose, meaning, and discussing its various dimensions have clarified.


***Keywords*:** *Interference, Literary genres, structure of the novel, Conte, old genres, Kurdish novels.*